
# چەند یادەوەریی و سەرگوزشتەیەکی خۆش



دکتۆر یاسین سەردەشتی

سلێمانی ٢٠٢٢

# خوێنەری بەڕێز

ئەم نووسینەی بەردەست بەشێکی زۆر کەمن لەو یادەوەریی و سەرگوزشتانەی لەهەندێک لەقۆناغی تەمەنمدا بینیومن یان بیستومن، پێموایە کە یاداشتکردنیان دەشێت هەندێک زانیاریی و روونکردنەوە سەبارەت بەو قۆناغە پێشکەش بکات کە چواچێوەی کاتیی گێرانەوەکان پێکدەهێنن، ئەوەی کە لەوانەیە بۆ هەندێک خوێنەر چێژو تامی خۆیان هەبێت.

شایەنی باسە، تەواوی ئەم یادەوەریی و سەرگوزشتانە بەشێوەی پچڕ پچڕ لەوالّی خۆم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسوبک) بڵاوەم کردوونەتەوە، بەڵام لەبەر نەفەوتانیان پیم باشبوو لەدوو توێی ئەم تێنووسەدا کۆیان بکەمەوەو پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی بکەم.

هەربژین و لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان

دکتۆر یاسین سەردەشتی

١٢ی ئابی ٢٠٢٢

## من و جنۆکەکەی ماڵی تایەربەگ

لەساڵی 1977 خانووەکەمان گڵ بوو، پشتمان بەپشتی ماڵی تایەربەگەوە بوو، پشیلەیەکی رەشمان هەبوو جاروبار لەگەڵی دەچوومە سەربانەکەو بەقەراغە باریکەکەی قاتی دووەمی ماڵی تایەربەگدا پیاسەکەمان دەکرد، پەنجەرەیەك بەسەر قەراغە باریکەکەدا دەیڕوانی کە جگە لەکەتیبەکەی لەدیوی دەرەوە، لەدیوی ناوەشەوە پەردەی پێوەبوو.

عەسرێکی درەنگوەخت لەگەڵ پشیلەکە چووینە سەربان و وردە وردە بەقەراغە باریکەکەدا رۆیشتین، پاش ئەوەی چووینە ئەوسەرو گەڕاینەوە، نەگەیشتینە ئاستی پەنجەرەکە، لەپڕ پەنجەرە کرایەوە، کە گەیشتمە ئاستی پەردەکە لابراو چ دیمەنیکم بینی خودایە!!

جنۆکەیەکی کەتەی رەش دوو چاوی گەورەی رەش لەنێو سپیاییەکەی وەك بەفر دەبریقایەوە، قژی گڤن و هەڵواوی، دوو دەستی قەترانیی کە خستبوویە سەر کەتیبەکان، بەزمانی خۆیان و بەدەنگیکی زۆر نەشاز تێی خوڕیم!!

من کە منداڵیکی بزێو و نەترس بووم، زۆرم سەبارەت بە باسی شەیتان و جنۆکە بیستبوو، قسەڵۆکێکی واشم بیستبوو کە کاتی لەدایکبوون شەوان جنۆکەیەك لەبن دارهەنارەکە جلو و پەڕۆ پاتاڵاکانی بۆ شتوم و هەمیشە برا گەورەکەشم سوێندی دەخوارد کە بە دوو چاووی ئەو جنۆکەیەی لەبن دار هەنارەکەدا بینوە!! بەڵام هەرگیز خەیاڵاتیکی ئەو تۆم بۆخۆم دروست نەدەکرد کە وەك ترسیك زاڵبێت بەسەرمداو لەتاریکی شەو سڵم نەدەکرد، بەڵام ئەمجارەیان مەسەلەکە تەواو جیاواز بوو!! ئەوەتا بەدوو چاوی خۆم و لەعەسرێکی درەنگ وەختدا، جنۆکەکە هاتۆتەوە بۆلام و راسەوخۆ لەودیوی پەنجەرەکەوە قسەم لەگەڵدا دەکات!!

پێدەچێت ئەمە یەکەم جار بێت لەژیاندا کە بەقووڵی ترسێکی تا ڕادەی تۆقین رامچڵەکێنێ، بەڵام بیگومان پاش ماوەیەکی کورت لە


زارەترەکبوون و لاڵ بوون لەبەردەم جنۆکە رەشە قژهەڵواوێیەکەی هەمیشە حیسابی نەبووم بۆ دەکردو ئێستا بۆتە واقعیکی دیتوو!!

دوای ساتێك زارەترەکبوون و حەپەسان، پڕ بەگەرووم هاوارێکی توندم کردو هەتا توانیم هەڵاتم، تۆقین و هەڵاتنەکە ئەوەندە مەزن و خێرابوو، لەکاتی بازدان بۆ پەڕینەوە لەسەربانەگڵەکەوە بۆ سەربانە چیمەنتۆکەی ئەوبەر، زۆر بەخراپیی خزام و لەسەربانەوە بۆناو حەوشەکە بەربوومەوە!

لەبەختی من، کاتی کەوتنەخوارەوە، رێك بەسەر دارهەنجیرەکەدا بەربوومەوەو تارادەیەکی زۆر لقەکان لەخێرایی کەوتنەخوارەکەیان کەمکردەوەو بەشێکی حەوشەکەش چیمەنێك بوو کە دارهەنجیرەکەی تێدا ابوو، ئەویش ئاودرا بوو، هەربۆیە لەکاتی کەوتن سەرم دای بە چیمەنە تەڕەکەو بۆماوەیەك گێژبووم، بەڵام بەوەی کە لەجنۆکەکە رزگارم ببوو، دەستبەجێ هەستامەوەو بەرەو دەرگای حەوشە رامکردە کۆڵان!!

ئەم رووداوە نەخوازراوە بۆماوەیەك ترسێکی گەورەی لەلام دروستکرد و لەهیچ شوێنێك نەمدەوێرا بەتەنیا بم، نەشمدەوێرا ئەوە بدرکێنم کە پاش چەندین ساڵ جنۆکە ملۆزمەکە هاتۆتەوە گیانم و عەسرێکی درەنگ لەسەربان سەرەڕێی لێگرتووم! لەهەمووشی خراپتر ماوەیەك پیم وابوو لەوانەیە ئەو پشیلە رەشەی چەند وەختە ئەیلاوێنم و پیاسەی لەگەڵ دەکەم، هەر بۆخۆی جنۆکەکە بیت و خۆی گۆڕیبێت!!

تەنیا کاتێك راستیی رووداوی جنۆکەکەم بۆ دەرکەوت و ترسم بۆ هەتاهەتایە رەوییەوە، کاتێك زانکۆی سلێمانی گواسترایەوە بۆ هەولێرو ئەوەشی من پێم وابوو جنۆکەیەو لەماڵی تایەربەگ هاتۆتەسەرڕێم، ژنی دکتۆرێکی هندییەو لەقاتی سەرەوەی ماڵی تایەربەگ کرێچیی بوون ، پاش ئەوە ئەوانیش بەسەردان گەڕابوونەوە هندستان و ئیتر دواتر نەمانزانی چییان لێ بەسەرهات!!







# بەچەترسێن

ئەو کاتەی لەبەغدا بووم سەردانی یانەی سەناعەم دەکردو لەوێ ڕاهێنانی هونەری جەنگیم دەکرد، کە هاتمەوە هەولێر ماوەیەک لەیانەی هەولێر بووم و لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا کەریم خەلیفەو مامۆستا نەوزاد نوری و مامۆستا شێرزاد ڕاهێنانم دەکرد و زۆر خێرا بەرەو پێش دەچووم. کاتێک ماوەیەکی کەم گەڕامەوە سلێمانی، لەیانەی سلێمانی لەگەڵ کاک هەڤاڵ و کاک کەریم و پاشتریش لەگەڵ کوردەوانی برای کاوەو کامیل و مامۆستا خالید ڕاهێنانم دەکردو چەند پاڵەوانێتییەکیش بەشداریمکرد و وەک یاریزانێکی باش ناسرابووم. ماوەیەک ناسیاوێکم هەبوو مامۆستا بوو کە منی دەبینی پێش هەموو شت و لەبری باسی کتیب و خوێندن، دەچووە سەر باسی هونەری جەنگی و بەرگریی و دەیوت: ئەم بۆکسە لەکوێ بدەی ئازاری زۆرەو زیانیشی کەمە؟! ئەگەر یەکێک لەپێشەوە یەخەی گرتی چی لێبکەی؟ ئەگەر بەدووان بۆت هاتن چۆن بەرگری بکەی؟ ئەم جۆرە پرسیارانە . منیش ئەوەی بەباشم بزانیایە پێم دەوت. ڕۆژێک وتم ئەرێ مامۆستا تۆ ئەو هەموو پرسیارە دەکەی خۆ بەتەمانیت ببیتە کیکبۆکسەرو بەشداری پاڵەوانێتی بکەی؟ وتی : ناوەڵا ئەوە مەکتەبەکەی خۆمان هەڵوەشاوەتەوەو قەرارە نەقڵی مەکتەبێکم بکەن ئەڵین تەلەبەکانی تۆزێک سەرسەرین وتم با هەر زوو بەچەترسێنیان بکەم!!!

# ماتەلەمپەچی

سالّی ١٩٨٧، ئەوکاتەی لەبەغدا بووم لە زانکۆی تەکنەلۆجی بەشی ئەندازیاری میکانیک، عەرەبییەکەم زۆرباش نەبوو، لەگەڕەکی شەقامی ٥٢ لەژێرخانی ماڵی ئوم ئەحمەددا بووین، تەسجیلێکی ستریۆمان هەبوو جاروبار گۆرانی کوردیمان دەبیست. منیش زۆر حەزم لە مەقاماتی عێراقی بوو، لەباب ئەلشەرجی سێ چوار کاسێتم کڕی، یەکێکیان مەقام و گۆرانییەکانی یوسف عومەر بوون، گۆرانییەکی تیابوو بەلامەوە زۆر خۆشبوو، رۆژێک ستریۆکەمان لەبەر خانەکە دانابوو، ئەو گۆرانییەشمان خستبۆسەر، هەرکەس بەوێدا دەهات پێدەکەنی. خوا ئەمە ئەبی چی بێ، وەڵا دراوسێیەکمان هات وتی ئەوە ئەو گۆرانییە بۆ لیدەدەن؟ وتم بۆچی زۆر خۆشە و گۆرانی یوسف عومەرە! وتی ئەی قابیلە نەزانم، ئەو ئەم گۆرانییەی بەسەر گەوادیکی ناسراوی کۆنی بەغدادا وتووەو هەمووی قسەی قۆڕەو وەختی خۆی بۆ خۆشی وتویانە بەڵام کەسێک تۆماری کردووەو بڵاوی کردۆتەوەو کاتی خۆی زۆر لەسەر کەسایەتی یوسف عومەریش کەوتووە!!! وتم وەڵاهی من ئەم چیرۆکەم نەبیستووە دە بۆم باس بکە بزانم چی دەڵێ! وەڵا دوای ئەوەی گێڕایەوە ئنجا زانیم گۆرانییەکە رووی مەجلیسی نییە! بەڵام ئەوەی سەیرە لە دەقەی پێنجەمدا لەگەڵ کچە نەجەفییەکە ناوی مەریەمی کوردیش هاتووە! گۆرانییەکەش بەناوی (مات اللمپچی) یە.

# من و سەگەکەی شاریع سناعە

پایزی ساڵی 1987 خویندکاری پۆلی یەکەمی زانکۆی تەکنەلۆژیی بووم لەبەغدا لەبەشی ئەندازیاری میکانیك، بەیانییان کە دەچووین بۆ زانکۆ، سەگێکم دەبینی هیندەی یەك گوێرەکە دەبوو، لەپاڵ حاویەکدا و لەبەرە خۆرەکەدا خەوتبوو، بەیانییەکیان سەمونە رەقەی ئێوارەمان مابۆوە، دانەیەکم لەگەڵ خۆمبرد وتم ئەیخەمەبەردەمی گوناحە نەوەکا برسی بێ، نەمدەزانی ئەمە شەو تابەیانی لەناو ئەو حاویە خەریکی ئێسقان کرانەوەو شلەو برنج خواردنەو بەیانیش خەوی شاهانەدەکا!!وەڵا کە بەلایدا رۆیشتین خەوی لێکەوتبوو، سەری خستبووە سەر هەردوو دەستی، لەدوورەوە سەمونە رەقەکەم بۆ فرێدا رێك کێشای بەسەری لوتیدا یەك مەتر لەشوێنی خۆی بەرزبۆوەو راپەڕی ، چاوی کردەوە سوور سوور ئەتوت گۆمی خوێنە، بەوەڕین بەرەو ڕووم هات، هەتا لانسی وەرگرت من رامکردە ئەوبەری جادەکەو لەبەر هاتوچۆی سەیارە و هۆڕن لێدان گەڕایەوە! ئیدی لەم رۆژە بەدواوە ئەو راچڵەکاندنە ببووە عوقدەی ئەو سەگە، بەهەزاران کەس بەبەردەمیدا دەڕۆیشتن ئاوڕی لێ نەدەدانەوە، هەر کە منی دەبینی ئیتر لە سەگە بەرەڵایەکەوە دەبووە شێرێکی دڕندەو هەمووو رۆژێك راوڕاوێنی ئەمسەرو ئەوسەری شەقامەکەی پێ دەکردم، کاتێك دەچوومە زانکۆ هەموو لەهۆڵی خویندندا بووم و غایب دەدرام. جارێك وتم بەخوا ئەمە دەری ناهینێ با ئەمجارە ڕانەکەم و ئەگەر بۆم هات لەخۆمی دووردەخەمەوە، کە چووم بۆ زانکۆ، وەك جاران سەگەکە بۆم هەستایەوە و کەوتە وەڕین، منیش نەڕۆیشتم، دەمبینی هەتا دێ نزیك دەبێتەوەو کەڵبەکانیم نیشان دەدا، ویستم زیاتر نزیکنەبێتەوەو قاچم بۆ درێژکرد، خەریکبوو قاچم لێبکاتەوە، دیسانەوە دەستمکردەوە بەڕاکردن بۆ سەری ئەوسەری کۆڵانەکە، ئەویش بەدوامدا رایدەکرد، زۆری نەمابوو بمگرێ لەتاودا خۆمکرد بەدەرگای پشتەوەی ناوەندی هێزی ئاسمانی عێراقدا، حەرەسەکان لەسەرەوە کە


زانیان سەگ دوام کەووتوە، زۆر پێکەنین و هیچیان نەوت! ئیتر لێرەبەدواوە چوونی من بۆ زانکۆ لەرێگە پشتەوەو لەگەڵ ئەو خویندکارانەدا بوو کە یونیفۆرمی (زی موەحەد) زانکۆییان لەبەردا نەبوو. رۆژێك لیژنەی زانکۆی گرتیانین بۆئەوەی سزامان بدەن، کە سەیریان کرد من پانتۆڵی رەساسی و چاکەتی شینم لەبەردایە، وتیان ئەی تۆ بە بەسەر دیوارەوە هاتوویتە ناو زانکۆ،وتم وەڵاهی لەبەر سەگەکەی شاریع سناعە، ئەو سەگە وایکرد زیاتر دڵم لەخوێندنەکەی بەغدا سارد بێتەوە، تا دواتر لەگەڵ چەند هۆکاری تر وایکرد واز لە بیری ئەندازیاریی و زانکۆی تەکنەلۆژیی بێنم و بگەڕێمەوە بۆ کۆلێجی ئادابی هەولێر، لەوێش بۆ یەکەمجار ئەو پەندەم بیست کە دەڵێ : چاکەی بێ حیساب سەری ساحێبی دەخوا!!





# خەیاڵی خوێندن لەبەشی کوردیی

دوای ئەوەی وازم لەبەشی ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی تەکنەلۆژیی بەغدا هێنا، داوامکرد لەو زانکۆیەوە بگەڕێمەوە بۆ زانکۆی سەلاحەدین و سەرەتا بەشی کوردییم هەڵبژارد، هەرکەسم دەبینی ئەویانوت: ئەرێ کاکە ئەوە شێتبووی لە هەندەسەوە بۆ بەشی کوردیی!! لەوانەشە ناحەقیان نەبووبێت چونکە ئەوکات ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٨، گەرمەی ئەنفال و شکستی جوڵانەوەی چەکداریی کوردیی بوو تەنانەت سەرکردەکانیش بڕوایان بە هیچ نەمابوو، لێشاوی پەنابەریی کورد بەرەو ئەروپا لەئێرانەوە دەستیپێکردبوو. ئەوەی خۆشە لەسەر داواکەی تۆمارگەی زانکۆی تەکنەلۆژیی بەغدا دروشمیکی حکومەتی بەعس نووسراوە کە دەڵێت:"من یقاتل بشرف یستحق المجد /ئەوەی بە شەرەفەوە بجەنگێ شایەنی شکۆیە!!"


(بسم الله الرحمن الرحيم)
الجمهورية العراقية
الجامعة التكنولوجية
مديرية التسجيل
العدد/
التاريخ/
((من يقاتل بشرف ... يستحق المجد))
الى/
م/ الترقين قيد
تحية طيبة ...
استنادا الى كتاب وزارة التعليم العالي والبحث العلمي المرقم
... التفضل باتخاذ مايلزم بخصوص ...
مع فائق الشكر والتقدير
الجامعة التكنولوجية
مديرية التسجيل
نسخة منه الى/
الطالب

# سەیری کەن یاران چ گۆبەندیکی گێڕا ئەو سەگە!!

ساڵی ١٩٩٧ لە زانکۆی دهۆک مامۆستابووم، زۆربەی کاتی خۆم بەخوێندنەوەو وەرزش بەسەردەبرد. عەسرێکی رۆژی پێنج شەممە، لەریگەی ماڵتە پیاسەم دەکرد، کەوتم بەسەر شەرە سەگێکدا، بە سێ چوار سەگ پەلاماری سەگێکیان دابوو، ئەو سەگە زۆر جوان و ناوازە بوو، لەوە دەچوو لەدەست خاوەنەکەی هەڵاتبێت، بەتایبەت ئەو سا ریکخراوە بیانییەکان زۆریان لەدهۆک بوون. منیش سەگەکانم دوورخستەوەو لێی چوومە پێش بەزەییم پیا هاتەوەو قایشی پانتۆڵەکەم کردە ملی و رێک هێنامەوە بۆ بەشی ناوخۆیی مامۆستایان و لەباخەکەی پشتەوە دامنا. خێرا خواردنم بۆهێناو هەر یەک دوو رۆژی زەحمەت بوو، ئیتر بەجۆرێک رووی کرایەوە بۆ ساتیکیش وچانی نەدەدا، لەمسەر رایدەکرد بۆ ئەوسەرو کەمنیشی ئەبینی یەکسەر خۆی پێدا هەڵدەواسیم. مامۆستا عەرەبەکانی موسڵ کە لەدهۆک وانەیان دەوتەوەو زۆریش موتەدەین بوون.

رۆژی هەینی هاتبوونەوەو جل و کەلوپەلیان شتبوو لەباخەکە هەڵیانخستبوو، هەروەها بەتانیەکانیشان دابووە بەرخۆرەکە، سەگەکە بەئارەزووی خۆی قەپی کردوبوو بە جل و بەتانییەکانیاندا و لەخۆڵی باخەکەی وەردابوون و یارییپێکردبوون، کاتێک چووبوون بۆ لێکردنەوەی جلەکانیان ئامبازیان ببووو راوی نابوونە ژوورەوە، بۆخۆم چووم ئەو جل و شتانەی لەبندەست دەربێنم، هەرچی من رامدەکێشا ئەو خراپتر قەپی پیدا دەکردو دوو سێ جار سنووریشی بەزاندو بەڕاستیی منیش ترسم لێنیشت زۆر نەمدەوێرا فشاری لێبکەم. بۆ بەیانی لەوەڕە وەڕ خەبەرم بۆوە، تومەز کاتێک مامۆستا عەرەبەکان ویستوویانە بچن بۆ دەوام لەبەردەرگای بەشی ناوخۆیی پەلاماری دابوون، وایلێهاتبوو هەرکەس بیویستایە بچێتە دەرەوە ئەبوایە سەرەتاتکێی بکردایە و لەکاتی سەرقاڵبوونی سەگەکە ئنجا دەرفەتی رۆیشتنی بهینایە.

ئەو ڕۆژە مامۆستاکان چووبوونە سەرۆکایەتیی زانکۆو لای دکتۆر سەلیم و عیسمەت محەمەد خالیدی سەرۆکی زانکۆ شکاتیان کردبوو، وتووبیان هەموومان گڵاوبووین و ئەئەنقەست بۆئیمەی هێناوە تاوەکو لە بەشی نیوخۆیی دەرمانپەرێنێ. نیوەڕۆ ئاگادارکرامەوە دیاربوو سەرۆکایەتیی بەئیتیفاقی ئارا ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی ئەو سەگەم چۆنم هێناوە، ئاوەش لایبەرم. منیش کەوتبوومە نیوان بەرداشی سۆزم بۆ سەگەکەو فشاری سەرۆکایەتیی. وەڵا ناچار سەگەم پەتکردو لەکوێ هێنابووم بردمەوە بۆ ئەوێ!!

لەوێ بۆئەوەی دوام نەکەوێ سواری تەکسییەک بووم و ڕێک چووم بۆ بازاڕ، پاش کڕینی هەندێک کەلوپەل بەپێ هاتمەوە بۆ بەشی نێوخۆیی. کاتێک چوومە ژوورەوە سەیرئەکەم سەگەکە پێش من گەیشتۆتەوە ئەوێ و لەباخەکەدا ڕمبازێنێتی. وتیان هەر خۆی کردووە بەژوورا پەلاماری دوو مامۆستای عەرەبی موسڵاویی داوە!!

وەلا بۆ سبەی مەسەلەکە گەورەتربوو، ئەمجارە چووبوونە لیژنەی ناوچەو لەوێ شکاتیان کردبوو، لێرەوە جگە لەسەرۆکایەتیی زانکۆ، فشاری حیزبیشی هاتەسەر، ئەمجارە سەگەم بردە دوورترین گەڕەکی دهۆک و بەرەڵام کرد، بەیانی هەڵدەستم دیسانەوە هاتۆتەوە بۆ بەشی نیوخۆیی!!

لەدڵی خۆمدا دەموت خوایەکیان من ئەم بەڵایە چیبوو کردم بەتووش خۆمەوە، بەشی ناوخۆیی ببووە مەدینەتو لئەشباح کەس نەیدەوێرا بێتە دەرەوە!! وەلا دواجار چوومە ناوبازاڕ، بەرێکەوت برادەرێکم بینی لەسلێمانیەوە دەچوو بۆ ئیبراهیم خەلیل بۆ بەرێکردنی خزمێکی، وتم بەقوربانە چەند دەڵیی دەتدەمێ ئەو سەگەم بۆ بەرەو لەوێ لەشوێنێکی ئاوەدانی بەرەڵاییکە. باشبوو بەوە لەبەزمی ئەو سەگەش ڕزگارمان بوو بەڵام لەگلەیی و شکات و شکاتکاریی عەرەبە موسڵاوییەکان هەر ڕزگارمان نەبوو!!




UNIVERSITY OF DOHUK

# زۆری نەمابوو سەگ منیش بخوات

چەند ساڵێک لەمەوبەر، کە بەهارەکەی زۆر تەڕبوو، دروست لەکاتێکی وەک ئێستادا، دەمەو عەسرێکی درەنگ لەگەڕەگی ئاشتییەوە بەپەلە بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوەو نزیک باغەکەی سەعی بەگ بوومەوە، لەدوورەوە کەسێکم بینی دەمناسی کەسێکی زۆر گیرو زۆربڵێ و نەگبەت بوو، بۆئەوەی نەمبینی لەشەقامەکە پاش و پاش گەڕامەوە بۆ ناو کۆڵانەکەو کەلاوەیەکی لێبوو لادیوارێکی رووخابوو، گیا زیاتر لەباڵایەک بەرز ببۆوە، رێک خۆم کرد بەکەلاوەدا بە بێدەنگی بەشکم ئەمە خوایە کابرا بڕوات!! کاتێک هەستدەکەم لەپشتەوە گوێم لەمڕەمڕە ئاوەڕم دایەوە دوو سێ گەماڵ و دوو دەلی گەورە لەپشتەوەن خۆیان حازرکردووە پەمالاربدەن!! ئێ ئەوان کەلاوەکەیان کردبووە کولانەو دەڵەکانی تێدا زابوون و لەگەرمەی ئیسراحەتدا بوون، چاوەڕییان دەکرد هەر تۆزێکی دیکە درەنگ بکات و ئیدی بەرەتاریکی سەردەرکەن .

وەڵا لەگەل مڕەو وەرەی ئەوان و هەوڵی پەلامار، زۆر بەپرتاو لەکەلاوەکە دەرپەڕیمە دەرەو لەترسا بەرەو شەقامەکە رامکرد، یەک دوویەک لەسەگەکان تا ناوەڕاستی کۆڵانەکەش بەدوامدا هاتن بەڵام زوو وازیان هێنا، ئاوڕم دایەوە دواوە سەگەکان گەڕانەوە کەلاوەکەو پاشان کە سەیری پێشەوەم کرد لوتم تەقی بە کابرای نەگبەتدا وەڵاهی وا بزانم سەعاتیکی پێچوو تا بەریدام.



# دەرفەتێک بۆ هاوڕێیەتی و لێکترفێربوون

لەناوەڕاستی نەوەتەکان، زانکۆی دهۆک تازە دامەزرابوو، بەشی نیوخۆییەکانی مامۆستایانی زانکۆ زۆر پەڕپوتبوو، بیناکە پێشتر مقەڕی جەیشی شەعبی بوو، هەر دوو مامۆستا لەژوورێکداو بەهەمووشیان یەک تەوالێت و حەمامێکیان هەبوو، من ماوەیەک بوو بەتەنیا لەژوورێکدا بووم، رۆژێک سەرپەرشتیاری بەشەکە هات وتی چەند مامۆستایەک هاتوون بەسەر ئەو ژوورانەدا دابەشدەکرێن کە یەک کەسیان تێدایە، منیش خەمم لێهاتبوو، خوایە دەبێت چ بەڵایەک چاوەڕێمان بکات. دیار بوو مامۆستایەکی دیکەش هەر وەک من بەتەنیا لەژوورێک بوو، ئەویش دیاربوو وەک من خەمی بوو، ئەو کەسە نامق سوڵتان بوو، تازە هاتبووە بەشەکەو من نەمدەناسی. رۆژێک نامق پیی وتم: مامۆستا یاسین چەند کەسێک هاتوون دەیانەوی بینە ئێرە، من پێم باشە تۆ لەژوورەکەی خۆت دەرچیت و بێیتەلای من چونکە من حەزم بە هەموو کەس نییە . منیش سەرەتا دوودڵبووم بەڵام کە قسەی بۆ کردم و یەک دووجار سەردانم کرد لەژوورەکەی بڕیارمدا پیکەوەبین.

نامق سوڵتان پیاوێکی هێمن و بەرێزو بێوەی و دڵپاک و نەجیب بوو، لەبواری پسپۆڕی خۆی کە کۆمپیوتەربوو زۆر زیرەک بوو، زۆر شارەزاربوو لەهونەری مامەڵەکردن و لەسەرخۆو زمانپاراو بوو، خولیای خوێندنەوەو شیعرو ئەدەب بوو، نەک هەر ئەوە بەڵکو یەکێکبوو لەباشترین شاعیرە عەرەبەکان کە بەدیدی ئینسانیی و جۆرە وجودییەتیکەوە شیعرەکانی دەهۆنییەوە. ئەو ١٠ ساڵێک لەمن بەتەمەنتربوو، هەربۆیە ئەزمونی ژیانی زیاتربوو، هەفتەی دوو سێ جار دەیخواردەوە، خەوخۆشێکی عەجیبیش بوو، حەزی لەدەنگی فەیروزبوو، دەنگی منیشی بەلاوە خۆشبوو بەتایبەت کە گۆرانی عەرەبیم بۆ دەوت، تەنیا عەیبی ئەوە بوو تۆزێک تەمەڵبوو، تاقەتی قاپشتن و خواردندروستکردنی نەبوو.

من ماوەی دوو سێ ساڵ لەگەڵ نامق سوڵتان بووم، ئەو ماوەیە زۆر سوودمان لێکتربینی. من لەکتێبخانە زانکۆ، هەفتانە ٥ کتێبم دەهیناوەو پێکەوە دابەشمان دەکردو دوای خوێندنەوەیان موناقەشەمان دەستپێدەکرد تاڕادەیەک هەندیکجار دەمانگەیاندە مریشکەرەشە و لێکتر توڕەدەبوووین. بەڵام هەرئەوەنە دەخەوتین و بەیانی هەڵئەساین ئیتروەک ئەوەی هیچ روویندەدابێت. نامیق سوڵتان پێش هەموو کەس سەتەلایتی کڕیبوو لەژوورەکە دایبانوو، زۆرجار سەیری کەناڵە حیوارییەکانمان دەکرد و موناقەشە تەواونەکراوەکانمان لە ژوورەکەی خۆمان یەکلا دەکردەوە. بەڕاستی زۆر سوودم لە نامق سوڵتان بینی و ئەو ماوەیە عەرەبییەکەم بەجۆرێک پاراو ببوو . جگەلەوەی لەرووی فیکریشەوە سوودم لی بێنی. پەیوەندی من نامق لەپاش هاتنەوەم بۆ زانکۆی سلیمانی بۆماوەی ١٥ ساڵ پچڕا، بەڵام بەهۆی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوکەوە ئێستا پەیوەندیمان هەیە و فرێندێکی ئەکتیڤە. لێرەوە هیوای تەمەندرێژیی و لەشساغیی بۆدەخوازم.



# ئاهەنگ و زانکۆ

سالّی ١٩٩٦ کە لەزانکۆی دهۆک مامۆستا بووم، جارێک لەئاهەنگێکی زانکۆ لەهۆڵی محەمەد عارف جەزیری بانگیان کردمە سەرشانۆ، وتیان یان نوکتەیەکی خۆش یان گۆرانییەک، منیش نوکتەم زۆر لابوو بەڵام بادینییەکەم تەواو نەبوو نوکتەکەم چەندە خۆش بووایە هەر بێتام دەردەچوو، هەربۆیە وتم قەیدی نییە گۆرانییتان بۆ دەڵێم. لەوێ لەسەر شانۆ کوڕە چاوشینەکەی تیپی کۆنی مۆسیقای دهۆکی لێ بوو هەتا بڵێی شارەزاو ئۆرگژەنێکی لێهاتوو بوو. منیش مەقامێکی عەجەمم وت لەگەڵ بەستەیەکدا، ئەوانەی ئامادەبوون زۆریان پێ خۆش بوو. دواتر هەندێک لەمامۆستاو کارمەندانی زانکۆ لەهەرکوێ دەیان بینم باسی خۆشی گۆرانییەکەیان دەکرد و دەستخۆشییان دەکرد، بەڵام هەندێکی تریان وتبوویان سەیدا یاسین لەبەرئەوەی مامۆستای زانکۆیە نەدەبوو گۆرانێ بڵێت چونکە ئەوە بۆ سومعەی مامۆستایان خراپە!!!من دەمزانی لەژینگەیەکی تەسکدام و ئەو جۆرە قسەڵۆکانەم بەئاسایی وەردەگرت، بەڵام وردە وردە هەستم دەکرد شتێکی سەیر روودەدات! پاش ئەو بەشدارییە لەهەرکوێی دهۆک ئاهەنگێک بکرایە کارتێکی داوەتنامەم بۆدەهات و دەیاننووسی کە هیوای بەشداریتان دەکەین!!!

# کۆیلەی نوێ

وەختی خۆی لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین (عەبد عەلی) زابت ئەمن بوو کە مامۆستایەکی خڕەڵەی بێدەنگ بوو لەبەشی کۆمەڵناسیی، کە دەهات هەموو سڵیان لیدەکردەوە، بەڵام بەگشتیی کەسیکی زۆر سادەو خاکیی بوو لەماوەی پێنج ساڵدا بۆ یەکجاریش نەمدیبوو وەک حیزبییەکی دەسەڵاتدار خۆی بنوێنێ و باڵ راوەشێنێ! لەکاتێکدا پاش راپەڕین هەر تەلەبەو مامۆستای کوردبوون بەدەمانچەو و حیمایەوە دەهاتنە زانکۆ و کامەی زۆر فەقیربوو سەدهێندە لە عەبد عەلییان تێپەڕاندبوو و هەر هەمووی خۆی بە پیاوی فڵانە مەسئول و فڵانە دەزگا دەناساند، هەر واتدەکرد مەسولێکی حیزبیی بۆ مێبازیی و کەشخەیی خۆی دەکرد بە کۆلیجاو ئەم پۆلە ماستاوچی و دەمانچە بەقەدە وەک کۆیلە بەدوایانا رایاندەکرد و خەریکی فەرموو فەرموو بوون، چەندبەرەکیی لەنێو مامۆستاو کارمەندو خویندکارو قوتابی وتەنانەت باجییەکانیشدا دروستبوو کەس کاغەزی کەسی نەدەخوێندەوە، ئەو تۆزە ئاکارو زانستەی مابووش کەوتە بەر رەشەبای جەردەسالاریی کوردیی،.دیمەنیکی هێندە قێزەون پیاو هێڵنجی دەدا !! ئیتر ئاوایە کوردایەتیی!!

# دەهۆڵەکەی نادی موعەلمین

کاتی راپەڕینەکەی ١٩٩١و تاڵانکردنی دامودەزگا حکومییەکان، یانەو نەقابەی مامۆستایانیان لەلای ماڵی ئێمەوە تاڵانکرد، پاش ئەوەی شتێکی وای تیانەما، ژنێک لەگەڕەکی سەرەوە هاتبووە خوارێ و خۆی کردبوو بەوێدا تا شتێک بەرێت، لەوی ژورێکی تیابوو ئامێری مۆسقای تیابوو بۆ بۆنەو یادەکان، زۆربەی ئامێرەکان برابوو تەنیا دەهۆڵەکەی لی مابوو، ئەویش پاش گەڕان دەهۆڵەکەی دابوو بەکۆڵیاو یەکسەر فراندبووی بەرەو ماڵەوە!! پاش چەند رۆژێک وتبوویان: باجی فلان ئەوە تۆ ئەو دەهۆڵەت بۆچی بوو و چی لێدەکەی؟!! وتبووی: وەڵا شەوان بیتاقەتی لەگەڵ باوکی مندالەکان لەژوورەوە بۆخۆمان لێیدەدەین !!!بێئەوەی ئەو پەندە کوردییەی لەبیر بێت کەدەڵێت : دەنگی دەهۆل لەدوور خۆشە!



# قەرزو قومارچی!!

رۆژێک لەزانکۆی سلێمانی بووم لە کەمپە کۆنەکە، ناسیاوێکی کۆن هاتەلام و وتی لەدۆخێکی خێزانیی زۆر خراپدام ئەگەر هاوکاریم نەکەی خۆم ئەکوژم، وتم چییە ؟! وتی پێویستم بە نیو ملیۆن دینارە!! وەڵام منیش کە ئەوەندە پارەم قەت پێ نەبووە وتم با بچین لەماڵەوە بتدەمێ و پیکەوە رۆیشتین پارەی بردو رۆی!!

رۆژێک هاوڕێیەکی کۆنم بینی ئەو کوڕەشی دەناسی، وتم شتێکی وابووەو فڵان کەس هاتووە لەدۆخێکی زۆر شڵەژاودا بووە، وتی بۆ نەتزانیوە؟!! کاکە ئەوە تەمسیلەو ئەم هەتیوە فێری قوماربووەو هەرچی دەستدەکەوێ دەچی لە قوماردا دەیدۆڕێنێ و دەمیکیشە ژنەکەی لیی جیابۆتەوەو منداڵەکانی سەرگەردان بوون!! بەراستی زۆر داخم خوارد.

پاش یەک دوو مانگ رۆژێک کابرای قومارچی هاتەوە بۆ زانکۆ، وتی پێویستم بە پارەیەو بەشکم بەقەرز نیو ملیۆنم بدەیتێ!! وتم باشە ئەی دوومانگ لەمەوبەر نیو ملیۆنم نەدایتێ بەچیت سەرفکرد؟!! وتی وەڵا ژنبرایەکم پێویستی بەو پارەیە بووە پێمداوە بەقەرز بەتەمایە مانگێکی تر بۆم بگێڕێتەوە، کەی گەڕانییەوە منیش ئەم نیو ملیۆنەی کە دەمدەیتێ بۆتی دەگێڕمەوە!!!

وتم وەڵا کاکە نەمن سندوقی دراوی نێو دەوڵەتیم و نەتۆش توانای قەرزگێڕانەوەت هەیە بڕۆ خواحافیزت بێت و جارێکی دیکە مەیەرەوە بۆ ئێرە!!

# یەکەمین خۆپێشاندان دژی لیژنەی تەنسیق لەبەر مزگەوتی گەورە پاش راپەڕین

کۆتایی بەهاری ١٩٩١، پاش کۆڕەو موفاوەزاتەکە، وردە وردە خەڵک لەشاخەکان گەڕانەوەو بەرمزگەوتی گەورە لەجاران قەرەباڵغتربوو، بەشێکی زۆری ئەوانەی چەمچەماڵیی و کەرکوکیی و ناوچەکانی دیکەش بوون هێشتا نەڕۆشتبوونەوەو هەندێکیان لەبەرمزگەوتی گەورە کاری دەسگێڕییان دەکرد، برایەکی منیش لەبەردەم باخەکەی ئەوبەری مزگەوتی گەورەو لەبەرامبەر دوکانەکەی خۆمان، تەختەیەکی دانابوو، نموونەی لەسەردانابوو بۆ کاری جوملەو جاروبار منیش لەمبەرو ئەوبەردا بووم. ئەو کات تازە لێژنەی تەنسیق دانرابوو، فایەقە رەشی پارتی سەرۆکی بوو. عەسرێک فایەق بەخۆی و کۆمەڵێک چەکبەدەست و کوتەکوەشینەوە هاتەسەر شەقامەکەو دوو حەریقیشی هێنابوو بۆ راونانی دەستگێڕەکان و گوایە پاکردنەوەی شەقامەکە، ئەوەی بووەهۆی نارەزایەتیی دەستگێڕەکان. ئەو ساڵە من نەچوومەوە زانکۆ، لەگەڵ جومعە گەرمیانی و هاوڕییەک بەناوی محەمەد کە لایەنگری رەوتی کۆمۆنیست بوو، دەستگێرەکانمان رێکخست و یەکەمین خۆپێشاندانمان لەبەر مزگەوتی گەورەوە تا بەردەم لیژنەی تەنسیق لەپەنا کەمپە کۆنەکەی زانکۆی سلێمانی ئێستا، ئەنجامدا.

داواکارییەکانی خۆپێشاندەران لەلایەن من و کاک محەمەدەوە نووسراو لەچەند خاڵیک پیکدەهات، کە بەکورتیی برتیببوو لە : بەگرنگزانین و بەبایەخوەرگرتنی پاکوتەمیزیی و جوانی شەقامەکەو بوونی خیزانگەلیکی زۆر کە بژێوی ژیانیان لەسەر دەستگێڕیی و کەسابەتە لەو شەقامەو ئەگەر هەر دەیانەوێ دەستگێر لەو شەقامە نەمێنی دەبی شوێنیکی شیاویان لەو دەوروبەرە بۆ دابینبکرێت. هەرچەندە فایەقە رەش بەتوندیی دژی داواکارییەکانی خۆپێشاندانەکە

بوو، بەڵام نەک ئەوسا تەنانەت تا ئێستاش ئەو شەقامە بەدەستگێڕو عەرەبانەو چەمبەر جمەی دێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە ١٩٩١ەوە هیچ بەرنامەیەکی گشتگیر , تۆکمە بۆ ریکخستنی ژیانی ئابووریی و گشتیی لەشارەکانی کوردستاندا جێبەجێنەکراوە.



# لەگەڵ خاڵە رەحیم

لەگەڵ خاڵە رەحیم کەوتنینە دەمەتەقێ و باسی پاڵەوانیتییەکانی بەغدام بۆکرد، وتی : جارێك بۆ یاری چووینە بەغدا، شەوەکەی تۆزێك سەرمان گەرم کردو لە سەعدون دەهاتینەوە بۆ شارع جمهوری، لە سەرە کۆڵانێکدا سی چوار عەرەب بۆمان هاتن و لێیانداین، منیش بە کراسی دڕاوە گەرامەوە، لەشاریع جەمهوری کەریمی محەلەبیفرۆشم بینی! وتی ها رەحیم ئەوە چیت لی قەوماوەو بۆ وات لێهاتووە،چیرۆکەکەم بۆ گێرایەوە، زۆر تورە بوو وتی بابڕۆین بزانە چی لەو سەگبابانە دەکەم، وەلا رۆیشتین و عەرەبەکان هەر لەوێ مابوون، کەریم کوڕانە ئامبازی سەریان بوو شەقشەقێنی ئەو ناوەی پێکردن! منیش دوای وتم: قەحبەبابینە ئەوە هینەکەمانە ئەوەنە ئازایە وەڵاهی مەردەکەمان بێنم دەبێ لە بەغدا دانەنیشن!!



## نیوەی نێرەکەرەکانی دەرباریش بفرۆشن

ساڵی ١٧١٧، ئەوکاتەی لەسەردەمی فلیپی دووەم بەهۆی فەسادی دەسەلاتداران دۆخی ئابووری فەرەنسا بەتوندیی رووی لەخراپبوون بوو، فلیپ رایگەیاند کە بۆ دەرچوون لەو قەیرانە نیوەی ئەسپەکانی دەربار دەفرۆشێت بۆئەوەی حکومەت داهاتی زیاتری دەستکەوێت! ڤۆڵتێریش کە ئەو دەمە شاعرێکی تەنزوێژ بوو، نووسیبووی: داهاتی وڵات هەر بەفرۆشتی نیوەی ئەسپەکان زێدەنابێ و بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە دەبێت فلیپی دووەم نیوەی ئەو نێرەکەرانەش بفرۆشێ کە لە دەرباردا رایگرتوون لە تەڕ ئەخۆن و لەوشک ئەخەون و ئەپەڕن بێئەوەی یەک زەڕە خێروبێرو بەرهەمێکیان هەبێ!! ئەوەش بووە هۆی ئەوەی فۆڵتێر بەهۆی ئەم قسەیەوە ١١ مانگ زیندانی لە باستیل بۆ ببڕێتەوە!

دەسا وەڵاهی هەر قەیرانێکی ئابووری بەهۆی فەسادی دەسەڵاتدارانەوە لەهەر کوێ رووبدات، هەتا دەست نەبرێت بۆ ئەو (نێرەکەرانەی) لەدەربارو بارەگا و مارەگاکاندا وەک جلەکەر کەوتوون، هیچ ئاکامێکی نابێ !!.

# من لەسەر پردی سیرات چی وەڵامی خوای تەعالا بدەمەوە؟!!

لەقۆناغی خوێندنی ناوەندیی کوڕێکمان لەگەڵ بوو توانای لەبەرکردنی لاواز بوو، نەیدەتوانی ئایەت و حەدیس لەبەر بکات و لەبەرئەوەش لەئاین هەموو جارێک دەکەوت، لەوانەکانی تر زۆرباشبوو، نمرەی باشی دەهێنا. ئەم کوڕە باوکی زۆر موتەدەین بوو، سەری ساڵ کاتمان وەرگرت، ئەو لەوانەکانی تر هەمووی دەرچووبوو، بەڵام لەوانەی دین کەوتبوو، باوکی تێری تێهەڵدابوو، شەو چووین بۆلای بەباوکیمان وت: ئەوە ئاسانە و وانەکانی دیکە قورسن دەرچووە، ئەویش بۆ خولی دووەم دەرئەچێت!!

باوکی دەیوت: باشە من چی لەکیمیا و فیزیا و ماتماتیک بکەم!! ئەو لەدینا کەوتووە! باشە قەیناکە سبەینی من لەسەر پردی سیرات چی وەڵامی خوای تەعالا بدەمەوە؟!!



# خۆزگە زووتر دەمزانی!!

لەسەرەتای نەوەتەکاندا کوڕێکم دەناسی زۆر چەپ و دژبەسەرمایەداریی بیریدەکردەوەو هەرقسەی بکردایە دەقێکی مارکس و لینینی دەکردە پاڵپشت.پێش یەك دووساڵ بینیم باشترین سەیارەی مۆدێل بەرزی لەژێردابوو، وتم ئێستا چی دەکەی وتی کۆمپانیام هەیە!! وتم ئەی کتێبەکانی مارکس و لینینت ماوە؟! وتی : مامۆستا گوێبگرە نوکتەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە:

لەبەغدا پیاوێك هەبوو زۆربەی ژیانی بەحەماڵییەوە بردەسەرو لەو کاتەی بێهیزیی روویتێکرد، توانای ئیشی قورسی نەماو هەروا بەردەستی خەڵکی دەکردو عەلاگەو زەمیلەی بۆ هەڵدەگرتن دەفلس یان بیستوپینج فلسیان دەدایە، شەویش لەپەناوپەسێردا دەمایەوەو بەدەم سەرماوە دەلەرزی تاخوا رۆژی دەکردەوە. رۆژێك ژنێکی زۆر جوان و خرپنی بینی لەبازار شتی دەکڕی، ئەویش یەکسەر تاوی عەلاگەو شتەکانی داو بۆی هەڵگرت هەتا ماڵەوە، ژنەکە بردیە ژوورەوە خواردنی خستەبەردەست و سەیریکرد زۆر بە پەرۆشەوە دەیخوات، بەزەیی پێدا هاتەوە، وتی بۆنایەی لەلای من ئیش بکەیت؟!!

کابرا وتی چیبکەم؟

ژنەکە وتی : لەو ژوورەی حەوشە بۆخۆت ئیسراحەت بکەو شەو کە میوانمان هات دەرگاکە بکەوە بەیانیش کە رۆیشتن بەهەمان شێوە! خەمی خواردن و پۆشاك و پارەشت نەبێ و هەرچی دڵت بیخوازێت بۆتدەکەین!

کابرا وتی جا لەوە چاکتر !

وەڵا ماوەیەکی پێچوو، کابرا بۆخۆی ئیسراحەت لەتەڕ ئەیخواردو لەوشکیش دەخەوت، جاروبار دەیاننارده بازار کەلوپەلی خۆراکیی بۆدەکڕین و ئیدی جگە لەو کارە ساکارە شەو هیچی تری نەبوو!

رۆژێك كابرا بەژنەكەی وت: خوشكم ئەگەر بێئەدەبی نەبیت ئەتوام پرسیارێك بكەم؟

ژنە وتی فەرموو

كابرا وتی: من نازانم چۆن مەمنونی تۆبم كەوا بەزەیت بەمندا هاتۆتەوەو ئەم ئیشە پاك و تەمیزەت داوە بەمن و درێغییم لێ ناكەی، بەڵام من سەرم لێدەناچیت ئەمانە چین بەشەو دێن و بەیانی زوو بۆی دەردەچن و دەڕۆن؟!

ژنەكەش وتی: قوربان راست و دروست ئەم ماڵە بۆ ئەو دۆست و ئارەزووبازانە تەرخانە كە شوینیان نییەو بەشەو دێنە ئیرە بەبرەپارەیەك تابەیانی لەگەڵ دۆستەكانیاندا رادەبوێرن!

كابرا كە ئەمەی بیست دەستیكرد بەگریانێك كە بەئاسانی ژیرنەدەبۆوەو هەموو بەرسینگی خۆی تەڕكرد!

ژنە وتی : ببورە سەرەتا پێم نەوتی كە ئێرە چ جۆرە خانەیەكە و پیم وابی بۆ ئەوە دەگریت كە ئێرەت پێ خراپەو بۆتۆ جۆرە ئابڕوچونێكە!!

كابرا وتی : ناوەڵا خوشكم ئەم گریانەم بۆئەوە نییە، بەڵكو بۆ ئەو هەموو عومرەی پێشوومە كە بەخۆڕایی و بێهودە لەكاری حەماڵیی تاقەتپڕۆكیندا بردومەتەسەرو بۆخۆم لەگەوادیدا سەرفم نەكرد!!

## بوون بەپاسەوان لەقەڵای باستیل

پیاوێکی لیۆنیی ئیتاڵیی ، کوڕێکی زۆر نارەسەن و چەموشی هەبوو دەیوست بیکاتە نووسەرو مێژوونووسێکی ناودار، بیستبووی لەسەردەمی لویسی چواردە لە پاریس مامۆستایەکی زۆر زاناو لەسەرخۆ هەیەو هەستا کوڕەکەی خۆی رەوانەی پاریس کرد. پاش چەند ساڵیك بۆ بینینی کورەکەی چوو بۆ پاریس، بەخەیاڵی خۆی ئێستا کوڕەکەی بۆتە زانایەکی مەزن و جیگای شانازیی هەمووان، کاتێك گەیشتە پاریس و سۆراخی کوڕو مامۆستاکەی کرد بۆی دەرکەوت مامۆستاکەی بەدەست کورە نارەسەنەکەیەوە شێت بووەو کەوتۆتە سەر شەقام، کوڕەکەشی بۆتە پاسەوان و ئەشکەنجەدەر لە زیندانی قەڵای باستیل!!!...



## بۆ ساچمەزەنەکە هاتووم

برادەرێک وتی جارێک لەکاتی خۆپیشاندانی مامۆستایان دەچووم بەشداربم، کەسێکی ناسیاوم بینی، وتی : ئەوە چییە بۆ خۆپێشاندان ئەچی؟! وتم : بەڵێ ئەی تۆ نایەیت؟! وتی : ناوەڵا من بڕوام بەخۆپێشاندانی مەدەنیی نییەو تەنیا بڕوام بە پەلامار و راپەڕینی چەکدارییە. وتی منیش پێموت: دەی باشە وەرە ئەوە چەک و تۆ دەست بەو راپەڕینە بکە!! وتی : جا ئێستا کەی وەختی ئەوەیە دواتر دێم بۆلات!!

برادەر وتی: وەڵا پاش تەواوبوونی خۆپێشاندان هاتمەوەو ئێوارە دنیا تاریکی کرد برادەرەکەم هات لەدەرگای دا. کە کردمەوە وتم یاخوا بەخێربێیت جیڤارا، ئەڵێی هاتووی بۆ وەرگرتنی چەک تاوەکو بەیانی راپەڕینی چەکداریی بکەیت؟!! ئەویش تۆزێک پێکەنی و وتی : نەوەڵا هاتووم بۆ ساچمەزەنەکە بەیانی ئەچین بۆ راوەکەو لەبەری قەراخ!!



# حەسودیی بەمەرگی موفاجات

ژنێکی حەسود هەبوو، شەو دراوسێکەیان جەڵتە لێی دابوو مردبوو، ئەویش لەبەرخۆیەوە دەیوت: سەیرکە عەتێ خان چەند شانسی هەیە! ئەو مێردەی مرد بێئەوەی یەک شەو لەخەستەخانە بکەوێ و بۆجارێک ژێری پاک بکاتەوە!!!

# چەند بیرەوەرییەکی خۆشی وەستا رەئوف

وەستا رەئوفی خەیات تیکۆشەرێکی دێرنی حیزبی دیموکرات بوو، چالاکێکی جوڵانەوەکەی جووتیاران بوو لە بۆکان و لەنیوەندی شەستەکانی سەدەی بیستەمیشدا لەکۆنگرەی دوو ئەندامی سەرکردایەتیی حیزب بوو، لەنێو شۆڕشی ئەیلولیشدا زۆر لە مەلامستەفاوە نزیکبوو بەجۆرێك جێگەی متمانەی بوو، پاش حەفتاکان گەڕابۆوە سلیمانی و بەکاری بەرگدورینەوە ژیانی دەگوزەران و دوکانەکەی لەقەیسەرییەکەی پاش وەستا عارفی عەتاربوو. من جاروبار سەردانیم دەکرد و لەباسوخواسی ساڵانی شەستەکاندا زانیاریی و بیرەوەریی زۆری لابوون، جگە لەوە هەندێ سەرگوزەشتەی خۆشیشی لابوو چەند لای دانیشتیتایە هەرگیز هەستت بە بێتاقەتی و بێزاریی نەدەکرد، لێرەدا چەند قسەیەکی ئەو رەوانشادە دەگێڕمەوە:

-وەستا وتی: دوای سەرکوتکردنی جوڵانەوەی جوتیاران لە بۆکان، قۆڵبەستکرام و رەوانەی مەهابادیان کردم، لەوێش فەرمانی زیندانیکردنم دراو بە کەلەپچەکراوی تەسلیمی ژاندارمیکی زلحۆلی تلیاکییان کردم بمبات بۆ زیندان، منیش کە دەست و مەچەکم زۆر باریکبوون دەمتوانی بەئاسانی لە کەلەپچەکەیان دەربێنم، جاروبار کە ئەو مەشغول دەبوو سیگارێکم دادەگیرساندو یەکێکیشم بەودەدا، ئەو دەیوت: من هەرچی زیندانییەکەم گواستۆتەوە هەرئەوان داواین لەمن کردوە سیگاریان بۆ دەربێنم و دایگرسێنم ، من تیناگەم چۆن تۆ بۆخۆت و بۆ منیشی دەردێنی و داشیدەگرسێنی؟ !!!

-جارێکیان لاوێکی مەهابادی هاتبووە نیو شۆڕش لەعێراق و ماوەیەك لای ئێمە مایەوە، کوڕێکی ژیرو بەحەیاو دەستپاك، دواتر رۆیی و ماوەی ساڵێك نەمدیتەوە! ئەمجارە بەپێچەوانەوەی پێشوو تەواو بێحەیا و درۆزن و بەدرەفتارو هەرچی شتی قۆڕە لەنیو

شۆڕشدا فێری ببوو..برا عەجایب ئەم شۆڕشە چەندە کاریگەرو چ قوتابخانەیەکی عەزیم بوو!!

-جاریکیان دەمەو سەرەتای بەهار، ئاغایەکی دەوروبەری بۆکان لەگەڵ ژنەکانی بەیادی جاران روویان لەو دەشتودەرە کردبوو، ئاغا ژنە تازەکەشی بردبوو ویستبوی وەك ژوانی سەردەمی گەنجی بە گەمەو راونان و باوەشکردن تەزویەك بە لەشیدابی و بکەویتە سەر بار، هەر هینابوی و بردبوی لەعەرزی دابوو و تێر گەوزابوو هیچی بەهیچ نەکردبوو! کاتی درەنگانی گەڕابوونەوە ئاغا بەگیانی قوڕاوی و بە هەرامەی ملشۆڕەو گەرابۆەو وتی جیگایەکی گەرمم بۆ راخەن بەراستی ئەمڕۆ ماندوتان کردم!!

-جارێکیان لەگەرمەی شەڕو هەرای شۆڕش ، هەژاری شاعیر لە ئێزگە هاتبۆخوارو سەردانی کردم، منیش مقەستی خەیاتییەکەم لابوو شتم پی دەبڕی، وتی وەستا ئەوە دەمیکە سەرم نەتاشیوە بۆ بەو مقەستە بۆم کورت ناکەیتەوە؟ وتم : وەڵا کاك هەژار ئەمە مقەستی سەرتاشین نیەو من هیچیش لەسەرتاشین نازانم، وتی :کوڕە گوی مەدەرێ هەر نەختی بۆم کورت کەرەوە وابزانە مەڕ دەبڕیتەوە! وەستا وتی: هەژارم لەبەردەمم داناو هەر ئەوەنە مقەستم بردە لای گوێەوەو لەیەکەم چرکەیدا نەختێکم لە نەرمەی گوێی بڕی...هەژار زۆر خۆی تێکنەداو نەختیك سووتوی جگەرەکەی خستەسەر و وتی بەردەوام بە، هیندەم بەلاوە بەگران بوو هەتا سەریم تۆزێك کورت کردەوە لەشەرمەزاریدا خەریکبوو گیانم دەردەچوو!

-ئاغایەکی مەنگوڕ لەسەرسنور جاروبار رێگەی لەقاچاخچییەکان دەگرت و خەلکی رووت دەکردنەوە، ئەحمەد تۆفیق بانگی کردو هەرەشەی لێکرد، وتی : جارێکی تر شتی وابکەی ئەوەی خراپە پێتی دەکەم. رۆژگار هات و رۆیی، مەلامستەفا ئەحمەدی دوورخستەوە بۆ سەر سنوری تورکیا، ئاغای مەنگوڕ دەستی بەراو و رووتی خۆی کردەوەو جاروبار دەیوت: دایەت دەگێم ئەحمەد تۆفیق لێم ببووەوە ژاندارمی ئێران و نەیدەهێشت دوو پول پێکەوەنێین!!


30

## شارێك و یەك ساختەچی

لەساڵانی چلەکاندا لە سلیمانی پیاوێك هەبوو بەناوی (کەریمی تاجیەخان)، ئەم پیاوە بەوە ناسرابوو کە خۆی لەو لادێییانە مەڵاس دەدا کە بۆ کڕینی کەلوپەل دەهاتنە ناوشارو بەرهەمی لادێیان ساغ دەکردەوە و بەپارەیەکی زۆر شتیکی ساختەی پێ دەفرۆشتن، بۆ نموونە دەچوو ملەلیرەی زەردی دەخستە ناوپەڕۆیەکەوەو لەخانی عەلی خۆی مەشغول دەکرد، کاتیك لادێیەکان دەهاتنە ئەوێ پێشانی دەدان و دەیوت: ئەوە هی خیزانمەو لەبەر موحتاجی دەیفرۆشین! بەوەش قۆڵی لادێی داماوی لەبنا دەبڕی و ملەلیرەی زەردی بە زێڕ پێ دەفرۆشت! هەر بۆیە لەو ماوەیە ناوی کەریم وەك هاوتایەکی ساختەچی لێهاتبوو! پاش مردنی کەریم و گۆڕانی زەمەن، ئەمێستا نە ناویك لەکەریم ماو نە چەمکی ساختەچیش وەك پێشوو جیگای شەرمەو بەلکو بۆ قۆشمە بەخەڵك دەوترێ!! جاران تەنیا یەك کەریمی تاجیەخان هەبوو هەر بۆیە ساختەچییەکیش هەبوو ئێستا بێ ئەوەی کەریمی تاجیەخان مابێ شار لیوانلێوە!



# با عایدی خۆمان بێت!!

لەسلێمانی کاتێك شتێك دەکڕیت و دەتەوێت پارەکەی بدەی، کابرای دوکاندار یەکسەر دەڵێت با عایدی خۆمان بێت یان با لەسەر خۆمان بێت، یان ناکرێ میوان بیت!! ئەم جۆرە موجامەلە درۆیانەیە!!

ئەو من ماوەي زیاتر لە دووساله رۆژانە لە دوکانێکی ساردەمەنی شت دەکڕم و هەموو جارێکیش هەر هەمان بەزم و بەزۆر پارەکەی دەدەمێ!

رۆژێك دانیشتبووم دوای ئەوەی دۆندرمەیەکم خوارد پارەکەم بۆ لەسەر مێزەکە داناو رۆیشتم..لەکاتیکدا لەدوکانەکە دەرچووم وتی: مامۆستا وا بزانم بیرت چوو پارە بدەی!!!!

وتم : کورە سەرسواڵکەر ئەوەتا بۆمداناوی لەسەر مێزەکە هەی عەمرت نەمێنێ ! ئەوە دوو ساڵە مێشکی منت بردووە با عایدی خۆمان بێت و ئەو قسە حیزانە!!

دوکاندارێکی ناسیاویش کە دوکانی شیرینی هەیە بۆی گێرامەوە، وتی جارێك ژنێك هات برمە و پاقلاوەی ویست، منیش کە بۆم کێشا چەند گرامێکی زیاد بوو، برمەیەکم دەرکردو نیو برمەیەکی سەر سینییەکەم بۆ دانا هاوسەنگ بوو..کە پارەکەی دامێ، وتم: نابی لەسەر خۆمان بێت؟!!

ئەویش نەیکردە نامەردی و وتی: تۆ ئەوەنە پیسکەی برمەیەکت پێ رەوانەبینیم و نیو برمەت دانا، ئێستا نابی لەسەر خۆمانی بێی چی؟!!

## شایەتییەکەی ئەبو عوسمان!!

لەبەسرە پیاوێک و ژنێکیان گرتبوو، وتیان کێ شایەتە بەسەریانەوە، وتیان ئەبوعوسمان، قازی ئەبو عوسمانی مازنی بانگردو وتی : ئەبو عوسمانی چیت بینی ؟!

وتی:

بینم ئەم پیاوە پەلی ئەو ژنەی گرتبوو وتم پیاسەی پێدەکات!

بینیم ئاوی کرد بەدەمییەوەو وتم ئاوی دەدات!

بینیم شەکرۆکەی دایەو وتم بەراتی دەکات!

بینیم پارەی دایە وتم خەڵاتی دەکات!

بینم بردیە ماڵیکەوە وتم پەنای دەدات!

بینیم باوەشی پیاکرد وتم وەزنی دەکات!

بینیم دەستی پیادەهێنا وتم مەساجی دەکات!

بینیم قۆڵ و بازووی دەگرت وتم فەحسی دەکات!

بینیم دەرپێیکەی پیداکەنی وتم میزی پێدەکات!

بینیم خۆی دا بەسەریا وتم دایەپۆشێ!

بینیم کوڵەدارێکی بەدەستەوە بوو، هەندێکجار دیارو هەندێک جار شاراوە

وتم خوایەگیان ئەبێ ئەم پیاوە چی لەو ژنە بکات؟!

تۆ بڵێی بەتەما نەبێ بیدۆشێ؟!!

قازی لەم قسانەی ئەبو عوسمان رقی هەستاو وتی : ئەبوعوسمان دەک رووی بابت رەش بێت بۆ خۆت و شایەتییت! دەبڵێ ژنەی هینکردو بڕایەوە!!




## لەطائفو لوطف

ئەمرۆ بەنێو کتێبەکانمدا دەگەڕام لەناکاو ئەم کتێبە کەوتەبەردەستم، ئاوا تەماشایەکم کرد برادەرێک لەساڵی ٢٠٠٣ دیاری کردووم کە ناوی (ئەبو شیرۆ)یە، هەرچەندەم کردو کۆشا تا ئێستاش نەهاتۆتەوە یادم کە ئەم ئەبوشیرۆیە دەبێ کێ بێ؟ بەهەرحاڵ کتێبەکەم کردەوە رێک چووە سەر لاپەڕە ٩٩ و لەوێدا چیرۆکێکی لەنێوان خەلیفە هارونە رەشیدو فەزڵی وەزیردا گێراوەتەوە و دەلیت: هارون لە فەزڵی پرسیوە کە بەزمی سەرجێگای لەگەل کەنیزەکانیدا چۆنە؟ ئەویش وتویەتی : بەڵی میری بڕواداران، لەسەر گازی پشت پاڵکەوتبووم دوو کەنیزەکم هەس بەناوی مەکیەو مەدەنییە و لەگەڵم چاوبڕکێیان بوو، بەسەریاندا نووستم، مەدەنییە دەستی بۆ هەرامەکەم بردو هەڵیسان و خەریکبوو خۆی بهاوێتەسەری، وەڵا مەکیە لەولاوە هات و ویستی لەژێری دەربینێ، مەدەنیە وتی : حەق بەمنە، چونکە مالیکی کوڕی ئەنەس بۆی گێراوینەتەوە لە نافعی کوڕی ئیبن عومەرەوە رەزای خوایان لێ بێت کە پەیامبەر (دخ) فەرموویەتی : من احیی ارضا مواتا فهی له / واتە هەرکەس زەوییەکی مەوات زیندوو بکاتەوە ئەوە بۆخۆیەتی)، مەکیەش وتی: موعەمەر لە عەکرەمەو لە ئیبن عەباسەوە گێراویەتییەوە رەزای خوایان لی بێت کە پەیامبەر (دخ) فەرموویەتی: (لیس الصید لمن اثارە ، انما الصید لمن صادە / واتە نێچیر بۆ ئەو کەس نییە کە هەڵیدەسێنی بەڵکو بۆئەوەیە کە دەیگەوزێنێ (

رەشیدیش زۆر پێکەنی و وتی : دەستیان لی هەڵئەگری؟

فەزلیش وتی: هەردووکیان و خاوەنەکەشیان بەقوربانی نەعلەکانی میری بروادارن بێت، فەرمانی دا ئامادەبن و رادەستیان بکات!!



# لطائف اللطف

لأبي منصور عبد الملك بن محمد النيسابوري الثعالبي

المتوفى سنة ٤٢٩ هـ

تحقيق

الدكتور عمر الأسعد

دار المسيرة

بيروت

الأخ العزيز
الدكتور ياسين سرحان
مع فائق حبي وتقديري
أخوك
أبو شيرو
٢/٧/٢٠٠٢

# ئەبوهورەیرە

لەسەرەتای هەشتاکان پیاوێک لەبەر مزگەوتی گەورە لفکەی دەفرۆشت ناوی مام کەریم بوو، ناوبراو ئەوەنە گوێی لە مەلاحەسەن بوو کە لەمینبەرەوە هاواری دەکرد: عن ابی هريرة رضي الله عنه، بۆیە هەر سوێندی بخواردایە دەیوت: بەگۆڕی ئەبو هورەیرە!! کوڕێکیش جارێک لێی پرسی : مام کەریم بۆ ئەبو هورەیرە ئەی بۆ بە پێغەمبەر سوێند ناخۆی؟!!

مام کەریمیش وەڵامی دایەو وتی: کورە ئەوە چی دەڵێی دەسا وەڵاهی ئەبوهورەیرە نەبووایە ئێستا کەس نەیدەزانی پێغەمبەر گیان چی وتووە!!

## ئەو خەڵکەش بەدەردی ئەبوخالید چووە!!

ساڵی 1987لەبەغدا چوومە دوکانێك گۆرانی سەعد حلی (ئەبوخالید) ی لێدەدا، لەگەل کابرا کەوتمە قسە زانی کوردم وتی با نوکتەیەکی ئەم ئەبوخالیدەت بۆ بگێڕمەوە:

لەسەرەتای جەنگی عێراق-ئێران داوایان لە هونەرمەندان کرد وەك معایەشە بچن بۆ بەرەکانی جەنگ و ئەبوخالیدیش چووبووە جەبهەو لەسەنگەرێکدا بوو، بەڕیکەوت هێرشێکی قورسی ئێرانییەکان لەوبەرەیە دەستپێدەکات و بەتۆپ و کاتوێشا ئەو ناوە دەبێژن و تۆپیك دەیدا لەو سەنگەرەو هاوڕیکانی ئەبوخالید دەکوژرێن و بۆخۆشی بەسوکی بریندار‌دەبێت، دواجار پاش هێوربوونەوەی دۆخەکە، جەماعەت ئەڕۆنە سەر ئەو سەنگەرەو دەبینن هەموویان کوژراون بەڵام دەنگی : یابویە یا یومە! لەبنەوە دێ! کەدەچن سەیردەکەن ئەبوخالید وێنەیەکی سەدامی لەم بەر داناوەو وێنەیەکی خومەینیش لەوبەر و خۆشی لەنێوانیاندا قوڕ دەپێوێ و دەگری! جەماعەت لەبەرتەپوتۆز نایناسنەوەو دەڵێن : انت منو و های الصورتین شنو؟!!

ئەویش دەست بۆ وێنەکەی سەدام درێژ دەکات و دەڵیت: هازا قائیدولئومە!!

ئنجا روو لەخومەینی دەکات و دەڵیت: وە هازا ئیمامولئومە!

ئنجا دەست بۆخۆی دەبات و دەڵێت : وە ئانیلی بێناتهم مەنیوچە ئومە!!

## توندبوونەوەی ناکۆکیی لەگەڵ مامۆستا عەرەبە موسڵاوییەکان و جەنگی شاراوە

من بەگوێرەی ئەزمونی خۆم، سەرنجێکی باشم لەسەر عەرەبی موسڵاویی نەبوو، کاتێکیش چوومە بەغدا زۆر مەسەلی تایبەتم لەلایەن عەرەبی بەغداوە لەسەر دەبیستن وەک (عاشر الواوي و لا تعاشر المصلاوي)، جگە لەوەی بۆخۆشم مامەڵەم لەگەڵ کردوون، بەتایبەت کە چەن دانەیەکیان پیکەوە کۆدەبوونەوە ئیتر بەرژەوەندییخوازیی و خۆپەرستیی و قۆرخکارییان دەگاتە ترۆپک و کەس ناخوێننەوە .

لەپاش فەوتاندنی سەگەکەو شکاتی مامۆستا موصڵاوییەکانی بەشی نێوخۆیی زانکۆ لەدهۆک، ساردییەکی زۆر لەنیوانمان دروستبوو و من زۆر نەمدەنواندن. پاش ماوەیەک مانگی رەمەزان هات، ئەوان کە ئاینگەراییەکی روالەتییان هەبوو، شەوانە لەسەعات دووەوە هەلدەستان و دەنگی قورئانیان لێ بەرز دەکردەوەو هەتا نزیکی هەتاوکەوتن تەقوهوڕیان بوو. لە دوای نیوەڕۆشەوە کە دەهاتنەوە، هۆڵە گەورەکەیان بۆخۆیان قرخکردبوو، تەلەفیزۆن و کورسییەکانیان خستبووە سوچێکی ژوورەکەوەو بۆخۆیان جیگایان دادەخست و لەبەردەم ئەو تاقە موبەریدەیەی بەشی نێوخۆیی خۆیان لێ دەدا بەعەرزاو پرخە پرخ هەتا نزیکی بانگی ئێوارە. ئیتر دەەبوو ئیمە نە بچینە هۆڵەکەو نە تەلفیزیۆنیش داگیرسێنین. دوای بەربانگیش نوێژی تەراویحیان دادەبەست و بەتەواوی ئەو بەشەیان کردبوو بەمزگەوتێکی ئیخوانیی.

بەشیک لەمامۆستا کوردەکانیش کە بۆخۆیان بەڕۆژوو بوون زۆریان دۆخەکە پێ نائاسایی نەبوو، تەنیا دوو سێیەکمان نەبێ کە خەڵکی سلێمانی بووین، زۆر بێزاربووین. وتیان ئەرێ چارەچییە، نە شەومان شەوەو نەڕۆژمان رۆژە بەدەست ئەمانەوە، دیارە شەر

بەکۆنەقین دەکرێت! منیش وتم بوەستن بەخوا ئەبێ دەردێکیان بدەمێ هەتا چەند ساڵی تر خەڵکی بۆ یەکتری بگێرنەوە!!

لەبەشی نێوخۆییەکە مامۆستایەک هەبوو ناوی ئەبو ئەحمەد، عارەقخۆرێکی دەرەجەیەک، چووم بۆ لای وتم : ئەبو ئەحمەد بەم رەمەزانە دوکانی عارەقفرۆشی نییە، تۆ لەکوێ دەیکڕی. وتی : لەلای ماڵە کلدانییەکان دوکانێکی لێیە پیاوێکی پیری لێیە ئەگەر بچیت بۆلای رەنگ بێ بداتێ بڵێ ئەبوئەحمەد ناردومی!!

وەڵا منیش ئێوارەکەی چوومە لای کابرای کلدانی و بتلێک عارەقی عصرییەم لێکڕی، بۆ سبەی بەیانی چاوەرێم کرد هەتا موسڵاوییەکان هاتنەوەو چوونە هۆڵە گەورەکەو بەڕەواڵی پێشوو خۆیان دابەزەیدا و پرخ لێی خەوتن. منیش بەئەسپایی چووم بتڵە عارەقم کردە سوراحییەک و کردمە نیو پوشی موبەریدەکە!!!

پاش نیو سەعات موبەریدە عارەقی عەصرییەی بەهۆڵدا بڵاوکردەوە، بروا بکەن دەتوت ئەو هۆڵە ١٠٠ ساڵە باڕبووە، بۆنی نادی موعەلمینی کۆنی گرتبوو. عەرەبەکان خەبەریان بۆوە لەپێشدا نەیاندەزانیی چییە و ئەوەنەیان بۆن عارەوق هەڵمژیبوو گێژببوون. پاشتر وەک جنۆکەی بیسمیلا لێکراو هەریەکە بەلایەکدا بۆی دەرچوون و تا دوای جەژنیشیان کەسیان سەری نەکردەوە بەو هۆڵەدا.

ئەم بەزمە گۆڵمەزیکی گەورەی لیکەوتەوەو دیسانەوە شکات و شکاتکاریی لە سەرۆکایەتیی و لیژنەی ناوچەو عەمادەو سەرۆکایەتیی بەش دەستیپیکردەوە. سەرۆکی زانکۆ بانگی کردم پاش هەندێک قسەی رەق کە گەیشتە سەر باسی عارەقەکە دەستیکرد بەپیکەنین وتی ئەوەی کردوتە لەدهۆکدا هەرگیز روونەداوەو لەوانەیە مامۆستاکان لە دادگا شکات بکەن!!

کە هاتمە دەرەوە لەلای ئەو، ریاز سندیم بینی پارێزەرێکی مەسیحیی بوو، پیاویکی قۆشمەش بوو، وتی خەمت نەبێ ئەوانە شکاتیش بکەن، لەقانونی عێراقیی بڕگەیەکی تیا نییە کە بڵێت نابێ

عارەق لەبری ئاو بکریتە موبەریدەوە!! ئیتر نازانم رایدەبوارد یان بەجدیی بوو!!

مامۆستایەکی ئێزیدی برادەرمان بوو ناوی فازیل بوو سسەرۆکی بەشی ئنگلیزیي بوو، هەر منی دەبینی لەسەر گازی پشت دەکەوت و دەیوت خۆتۆ ناخۆیتەوە بەڵام وەڵاهی من چەند ساڵە ئەخۆمەوە تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە بیکەمە موبەریدەوە !!

من سەرلەبەری رووداوەکەم رەتدەکردەوەو هیچ شایەتێکیش نەبوو بۆ سەلماندنی ئەوە. دسانەوە سەرۆکایەتیی زانکۆ کۆبوونەوەو بە ئەکسەرییەتی ئارا بڕیاریاندا من لە بەشی نیوخۆیی بگوێزنەوە بۆ ژوورێک لە ناوەندی رۆشنبیریی. هەر لەوێدا دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی وتبووی : وەڵاهی زۆر عەیبە سزای مامۆستایەکی چالاک و دڵسۆزی وەک سەردەشتی بدەن لەبەر تاقمێک عەرەبی ئیخوانیی. ئیتر ئەو بابەتەش هەر وا مایەوەو سەرۆکی زانکۆ بانگی کردمەوە وتی : ئەمە دوا مەسجە واز لەو مامۆستا عەرەبە موسڵاوییانە بێنەو والسلام!!! پاش ئەو مەوزوعە ناوم لەهەولێر بۆ دکتۆرا دەرچوو، ئیتر بەکاری خۆمەوە سەرقاڵبووم و بۆ ماوەیەک کێشەو ناکۆکییەکان کۆتاییانهات.



# بەزم

لەکاتی کۆرەوەکە، لەگەڵ برادەرێک لەکەمپێکی گەیلان غەرب بووین کە لەزیندان دەچوو، پاش ماوەیەک مانەوە لەبەر گەرماو بێزاریی کەمپمان جێهێشت و رووومان لەکرماشان کرد، لەوێشەوە لەهەوارامانی لهۆنەوە بەرەو نزیکی دووئاو، لەوێ لەگوندێک ماینەوە، برادەرەکەم بەماڵەکەی وتبوو کە دەنگم خۆشە و گۆرانی دەزانم، ئەوانیش دوایان کردبوو با ئەمشەو بەزمێک ساز بکەین. ئەو برادەرەم زۆر شارەزا نەبوو وتم جا بەزمی چی؟ وەڵا مەگەر هەندێک بەرد بگرینە ماڵە دراوسیکانیان و هەرایەکی لێ پەیدا بێ!!! وتم کاکی من لێرە بەزم واتە ئاهەنگ و خۆشیی نەک وەک لای خۆمان شەڕو ئاژاوە بێ!!


# جەردەستان

پایزی ساڵی 1996، ئەو کاتەی لەدهۆك مامۆستای زانکۆ بووم، لەکاتی گەڕانەوە بۆ سلێمانی، دەبوو شەو سواری کۆستەر بیت و لەدەوروبەری 3ی دەمەو بەیان لەئەتروش و ئاکرێ تیدەپەڕی و لەخەلیفان دەهات بەمدیوا، لەنیوان زۆنی زەردو سەوز 15 کیلۆمەترێك ناوچەیەکی مەترسیداربوو، شەو نەبوو دزو جەردە ریگا لە ئۆتۆمبێل نەگرن و راورووت نەکەن. کاتێك لەدوای سەیتەرەکەی پارتی دەرچووین، کابرای شۆفێر وتی: خوایە بەناوی تۆ! برا ئیتر گەیشتینە رێی هات و نەهات و ئەگەر جەردە هەبوو رێگەیان بەتەواوی نەگرتبوو مەجالی تیابوو توند لێدەخوڕم و ئێوەش خۆتان دانەوێنن با ئەگەر تەقەیان کرد پێوە نەبن! لەپاسەکەدا دانەیەکی تیابوو، وتی: وەڵڵا هەفتەی پێشوو لێرەدا رووتکراینەوەو بەیانی کە گەڕاینەوە یەکێکم لە جەردەکان ناسییەوە لەسەیتەرەکە بوو!! یەکێکی تریش وتی: دەی برا ئەوانیش ماڵ و منداڵیان هەیە ، ئەگەر موچەیان نەدرێتی یان بەچەند مانگ جارێك بێ ئەی چۆن بژین ؟!! منیش وتم : برا ئەم بەزمە رەگی مێژوویی هەیە، لەسەردەمی عوسمانیشدا کە پارەی جەندرمەو زەبتەییە نەدەدرا بۆخۆیان لەهیزێکی بەناو یاساپارێزەوە دەبوونە هیزیکی تاڵانی و جەردەیی و خەڵکی رەشورووتیان گوندەکانیان دەرووتانەوە یان کاروانی سەرەڕێیان تاڵاندەکرد!! با لێخوڕین و بڕۆین پەنا بەخوا بزانین چارەنووسمان چییە؟!!



# ئاڵۆگۆڕە مەزنەکە!!

لەپاش راپەڕینەکەی ١٩٩١، ئاڵگۆڕێکی زۆر سەیر بەسەر کۆمەڵگای کوردییدا هات کە رەنگە زۆربەمان تێبینیمان کردبێت. لەلای خۆمانەوە ماڵێک هەبوون کە خەڵکی دەرەوە بوون و لەپاش شاڵاوەکەی ١٩٨٧-١٩٨٨ و رووخاندنی گوندەکان هاتبوونە شارەوەو خزمی بەرپرسێکی عەسکەریی بوون، لەپاش راپەڕین هەتا توانیان تاڵانییان کردو دواتریش بەردەوام بەچەکەوە فڕک و هوڕیان بوو وابزانم لەو سەر سنوورانە قاچاخچێتییان دەکرد، ئەمانە لە حیزبیشدا باشیان خواردو کاتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیش هاوکارییان وەرگرت و پاشتریش لەکاتی دۆنمفرۆشتنەکە بوونە کوڕی باوکی خۆیان، ماوەیەک ئەوەنە دەوڵەمەندببوون هەردەتوت لەپاریسەوە گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی و کام جلەی مارکەو جوانبوو لەبەریاندابوو. لەولاتریش مامۆستایەک هەبوو لەبەر بێموچەیی لەقۆناغی (سەری بەرز بۆ موچە دانانەوێنین) پاش ئەوەی تا توانی کەلوپەلی ماڵەکەی فرۆشت و خانووەکەی بەتەواوی چۆڵ ببوو، چەند سەربزنێکی کڕیبوو، قاتی سەرەوەی خانۆکەی بۆ کردبوونە گەوڕ و بۆ خۆشی شەڕواڵێکی شڕی لەپێکردبوو بەگۆچانێکەوە بەیانیان بزنی دەردەکردو ئێواران دەیهێنانەوە، بەراستی دیمەنێکی ئەوەنە سەیربوو نەتدەزانی چۆنی لێکبدەیتەوەو چ ئایندەیەکی تاریکی لێوە بخوێنیتەوە چونکە لەهیچ کوێی دونیا ئاڵوگۆڕی وا سەربەرەوژێرو ناقۆڵا بەسەر هیچ کۆمەڵگایەکدا نەهاتبوو کە شوانەکەی ببێتە بژاردەی هەرە راقی شارو مامۆستاکەشی ببێتە شوان و بزنەوان، هەربۆیە لەم جۆرە ئاڵوگۆڕە سەیرو سەمەرەیەدا هەرچی دروشمی شاخ هەبوو لە بارەی کۆمەڵگای مەدەنی و پێشکەوتووخوازو رۆشنگەرو دادپەروەرو ئەو هەموو دروشمە سوشیالیستییە بریقەدارە بوونە بڵقی سەرئاو!!!



## حیزب و گایەڵ

لەسەرەتای راپەڕین لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزب مشتومڕ دروستببوو، یەکیان وتبووی: باشە ئێمە کردنەوەی ئەو هەموو بارەگاو ژمارە زۆرە ئەندامەمان بۆ چییە؟ چی لەو زۆرو بۆرە بکەین و با لەسەر بنەمای کەم و پوخت کاربکەین!!

یەکێکی تر وەڵامی دابۆوەو وتبووی: قوربان وا نابی چونکە چۆن هەیبەتی جووتیار بە گەورەیی گەوڕو تەویلەو قەبارەی گایەلەکەیەتی هەیبەتی حیزبش بە بارەگا و ژمارەی ئەندامەکانێتی!!!



## فەیلەسوف و شۆڕش

سەرکەوتنی شۆڕش بێ فەیلەسوف و بژاردەیەکی هۆشیار مەحاڵە!!

ئەگەر ئەرکێکی سەرەکی شۆڕشەکان رووخاندن بێت، ئەرکە سەرەکییەکەی دیکەی بنیاتنانەوەیەکی نوێ و گشتگیرە، ئەگەر بۆ ئەرکی یەکەم چەکدارو تێکدەرو وێرانکەرت پێویست بێ تەنانەت ئەگەر (دزو چەتەش)بن، ئەوا لەقۆناغی بنیاتناندا، بنیاتنەرو ئەندازیاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و بیرو فەلسەفە و فەیلەسوف و زانات ئەوێ. هەموو شۆڕشە مەزنەکانی دنیا بژاردەیەکی گەورە لەفەیلەسوف و بیرمەندی شارەزای لەپشتەوە بووە، جگە لە رێبەرایەتییەکی هۆشیارو مەزن کە بۆتە ناوەند لەنێوان هزری فەیلەسوفان و خەڵکە شۆڕشگێرەکەدا. شۆڕشی فەرەنسیی و ئەمریکیی و بەلشەفیی قەرزاری جۆن لۆک و مۆتسکیو و دیدرۆو فۆلتێرو رۆسۆو هیگڵ و مارکس و چەندین بیرمەندی گەورەو سەرکردەی مەزنی شۆڕشگێڕی ترن. بە نەبوونی فەیلەسوف و رێبەرایەتیی هاوشێوە لەشۆرشەکاندا، پرۆسەی بنیاتنان تووشیس شکستێکی گەورە دەبێتەوەو ئەو شۆڕشە یان تەواو نابی ان دەدزرێ یان لەنیوەرێدا مرداردەبێتەوەو هەمان تاس و حەمامی پێشخۆی دەستپێدەکاتەوەو رەنگە زۆر خراپتریش. شۆڕشی مەشروتە لەئێران لەساڵی ١٩٠٦و شۆڕش و کودەتا عەرەبییەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکان و شۆڕشی ئێرانیی ١٩٧٩و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیی نموونەیەکی زۆر زەقی ئەو جۆرە شۆڕشانەن کە نەک هەر فەیلەسوف بەڵکو نوخبەیەکی سیاسیی خاوەن کەلتوری هاوچەرخیشی لەپشتەوە نەبووەو تاک و تەرا کەسانی هۆشیارو بەئاگایان تێدابووە، دواجار پیاوانیکی وەک ناسرو قەزافی و ئەسەدو سەدام و خومەینی و بەهەشتی و خالخالی و لەولاش ئیخوانەکان بوونە ئەندازیاری تەلارسازی دوای

شۆڕش و هەر لەبناغەوە بەخواری هێنیان! خۆ ئەوەی خۆشمان هەر لەغیابی هەر جۆرە بابایەکی بیرکەرەوەو هەر گوتارێکی بنیاتنەر، بۆشاییەکە لەلایەن تێکدەرو تەنانەت بەشێک لەجەردەکانی شاخیشەوە پڕکرایەوەو ئەوان بوونە ئەندازیارو هەڵسوڕێنەرو بڕیاردەرو مێژووسازو نەوتفرۆش!! ئیتر پیویست ناکات بوترێ بۆ دوای نزیک لە٣٠ ساڵ پاش راپەڕین رۆژمان بەم رۆژە گەیشت و ئەو پرسیارە بکرێ: پەروەردە بۆ شکستیهێناوە؟! ئابووری بۆ داڕوخاوە؟ حکومەت و پەرەپیدانی سیاسیی بۆ دارماوە؟! پارلەمان بۆ داڕزاوە؟! کەریش بۆ لەقوڕا چەقاوە!! ریفراندۆم بۆچی لەبری بردنە پێشەوە وەک میزی حوشتر هێنانیە دواوە!!

هەر بۆخۆشی جارێک لەگەڵ خوێندکارەکان ئەو پرسیارەم وروژان کە بۆ کورد فەیلەسوفی نییە !

خوێندکارێک وتی دکتۆر چۆن نییەتی : ئەی دکتۆر کەمال کەرکوکی!!!؟

## چۆن لەدوو دزەکەی هەولێر رزگاربووم

بەهاری ساڵی ١٩٩٣بوو، شەوێک دەوربەری سەعات ٩ لەلای برادەران دەگەڕامەوە بۆ شوقەکەم لەشێخەڵا، کارەبا نەبوو، کزە بایەکیشی هەبوو، مانگ بەئاسمانەوە زۆر جوان رووناکی دەدا. منیش بۆئەوەی زوو بگەمەوە شێخەڵا، خۆمکرد بە کەلاوەکەی پشت سینەما سیروان، هەر سەرەتا دوو کەسم لەنێو کەلاوەکە بەدیکرد و لەمبەرو لەوبەرەوە دەهاتنە ناوەڕاستی رێگاکە، جلی کوردییان لەبەردا بوو و کلاشنکۆفیشیان بەشانەوە بوو. سەرەتا خەریکبوو بگەڕێمەوەو رابکەم، بەڵام بوێریم دایەخۆو بە ئاسایی بەرەو روویان رۆیشتم و زۆرباش زانیم کە دزن، چونکە دەموچاوان هەڵبەستبوو، زۆر بەهیواشیش دەهاتنەپێش و پێش ئەوەی بگەین بەیەک دوو سی قسەیان پێکەوە کردو وتیان ئەوە ئەونییە!!

منیش ماوەی دوو مەتر لێیان وەستام، ئەوانیش چەکەکانیان هەر بەشانەوە بوو، بەدەستیانەوە نەبوو. یەکسەر بەدەنگێکی زۆر روون و ئاشکرا وتم:

بوەستن و مەیەنە پێش، ئەگەر بۆسەتان بۆ کەسێک داناوەو دوژمنایەتییتان هەیە ئەوە من خەڵکی هەولێر نیم و خەڵکی سلیمانیم و کێشەم لەگەل کەسیش نەبووەو نییە!!

ئەگەر بۆ دزیش وەستاون بەخوا جگە لە دوو دیناری ئاسن هیچی ترم پێ نییە، ئەگەر ئەتانەوێ فەرموون بۆخۆتانی بەرن!!

دزەکان، نەیاندەزانی چی بکەن و چی بڵێنن تۆزێک کشانەوەو دیاربوو هیچیان لەو نێچیرە نابوتە هەڵنەدەکڕان و بێئەوەی هیچ قسەیەکی بەرزو نزم بکەن وتیان:

بڕۆ بەڵام هەتا دەگەیتە سەر شەقامەکە بەهیچ جۆرێک ئاوڕ مەدەرەوە!!

منیش وتم : دەی برا ماڵتان ئاوا بێ ئاوا بۆ هەردوولامان باشترە و خوا رزقتان بدا! وردە وردە رۆیشتم و هەتا ئێستاش ئەو چیرۆکە وەک خەونێکی تێپەڕ لەیادمدا ماوەتەوە



# فاڵگروەکەی شێخان

ئەوەنەی بیرم بێت لەسلێمانی کاری نوشتەو فاڵگرتنەوە دەگمەن بوو، ئەگەر هەشبووایە تاک و تەراو زیاتر هەندێک لەژنانی نەخوێندەوار بەدوای نوشتەی رەشکردن و شوکردن و رامکردنی مێردەکانیانەوە بوون، یان ژنانێک کە شوویان دەکرد و مێردەکانیان نەدەبوونە زاواو ئنجا بەزمی گرێکردنەوەو شتی وا دەستیپیدەکرد. وەختی خۆی لەولا چوارباخەوە نوشتەبازێک هەبوو، جارێک دووژن چووبوون بۆ لای وتبوویان منداڵمان نابێ، ئەویش وتبووی: من دوعایەکتان بۆ دەنووسم بەڵام دەبێ یەکە یەکە بینە ژوورەوەو دوعاکەش لەسەر بستێک لەخوار کلینچکەوە دەنووسرێت!!

جارێکیش دووانی تر چووبوون بۆ لای بەهەمان دەستوور وتبووی: بڕۆرە ژوورەوە چاوەری بکە، ئێستا فریشتەیەک بەجلیکی سپییەوە دێتەلات و هەرچییەکی کرد نەکەی رێگریی بکەی ئەگینا جادووەکە بەتال ئەبێتەوە!!

لەدوای راپەڕین و گەمارۆی ئابووری و کەوتنەوەی گرانی و هەژاریی، جارێکی تر لێشاویی جادو فاڵگرتنەوە دەستیپێکردەوەو لەولا مەحکەمەوە مالیکی لێ بوو، کابرایەک خۆی کردبوو بەشێخ، بەمنداڵەکانی وتبوو هەر کەس وتی باوکتان چی دەکات بڵێن لەسەر بەرماڵ نوێژ دەکات!!

جارێک لەگەڵ برادەرێک کە ئەیناسی سەردانمان کرد لەژوورەوە خەریکی خواردنەوە بوو، کۆمەڵێک شتی کۆن و سەمەرەی دانابوو، جبەیەکیشی هەڵواسیبوو کە کاتی هاتنی مشتەرییەکانی لەبەریدەکرد.

تۆزێک لای دانیشتوون، یاشێخ کەرەمی کرد دەرگای قەفەزی کولانەی کۆترەکانی بۆ کردینەوەو وەسفی کۆترەکانی دەدا، ئەمەیان لەعەرزا لیدەدا و ئەوەیان دەنوکی برنجییەو ئەو قسانە!

لەپڕ دەرگا کرایەوە، پیاویک لەگەڵ ژنەکەی هاتنەژوورەوە، پیاوەکە نووشتەیەکی دەرهێنا و رووی لەشێخ کردو وتی : باشە تۆ عەیب ناکەی دوعای رەشی لە خەڵک دەکەی؟!! من و ژنەکەم عەیبمان نەبووە لەوەتەی تۆ ئەم دوعایەت کردووە نان و ئاومان لی حەرام بوەو ماڵەکەمان بۆتە جەهەنەم!!

منیش کە ورد بوومەوە سەیرئەکەم نوشتەکە وێنەی پیاوێکی تێداکرابوو هەر لە شارلی شاپلن دەچوو، دەموچاویشی رەش کرابوو! خۆم پێنەگیراو دامە پڕمەی پێکەنین !!

هەستمکرد کابرا زۆری پێناخۆشبوو وای دەزانی گاڵتەی پیدەکەم!

وەڵا شێخییش هیچ خۆی تێکنەدەداو چنگێک گەنمی بەدەستەوە گرتبوو دانی بۆکۆترەکان رۆدەکرد و وتی:

کاکە بۆ بەم نیوەڕۆیە هاتویتەتە سەرمان من دوعا دەکەم نەک نوشتە، شتی رەشی و خراپ و ئەوانە لای من نییە!!

کێشەکەشتان من بزانم پەیوەندی بەدوعاوە نیەو پەیوەندی بە سەرجێیەوەیەو بزانە کێ دڵەسەگی بۆ کردویتەتە خواردنەکەوە بۆئەوەی زەوقت لەژنەکەت هەڵنەسێ!!


کاکە قسەیەک لەکابراو قسەیەک لەشێخ، بوو بەهەراو پەلاماردانی یەکتر. جا وەرە لەدۆخە پیاو پێبکەنێ یان ناوبژی بکات و نەهێڵێت بەزمەکە گەورەبێ!!

وەلحاڵ، کابرا دەیوت وادەکەم و چیدەکەم هەرەشەی دەکرد!!

شێخیش هەر وایکرد شەڕواڵەکەی داکەن و وتی : ئەوە من بەم دەرپی کورتەوە دادەنیشم و چاوەڕی دەکەم هەتا تۆ دێیتەوە!! بڕۆ چی لەدەست دێت تەخسیری مەکە!!

پاش ئەوە ئێمە تۆزێک کابراو شێخمان هێورکردەوەو لەماڵەکە چووینە دەرەوە!




تيسير المطالب ونوال ال
روي أن تكتب هذا الشكل وتحمله فإنك
والظرائف، وهذه صورته كما ترى:

## جەنگ چۆن ئاشتیی بەدیدەهێنێت؟!!

دوای روخاندنی رژێمی بەعس و لەراستییدا هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق، ئەمەریکا کەوتە بەربەرپرسیاری دەوڵەت-نەتەوەسازییەکی نویێ و بۆ ئەو مەبەستەش چەمکەکانی (عێراق نویێ) و (عێراقی هیواو ئاشتی) و (عێراقی هەمووان) یان خستەسەر زارو زمانان. لەو بوارەشدا پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی کەوتبوونە ۆرکشۆپ ئەنجامدان تا بنەما نوێەکانی ئەو عێراقە بۆ بژاردەی ولات شیبکەنەوەو هانیانبدەن بەرەو سەرکەوتنی دیموکراتی تەوافوقی. لەبەهاری ساڵی 2004 ، عیماد حەرب رێکخەری ئەو پەیمانگایە ۆرکشۆپیکی بۆ مامۆستایانی زانکۆکانی عێراق لەدوکان سازکرد، ئێمەش لەو وۆرکشۆپە بەشداربووین، لەیەکەم رۆژی کردنەوەی ۆرکشۆپەکە من وەك مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی بەکوردی قسەم کرد، عەرەبەکان کەوتنە ملبادان و نارەزایەتی وتیان ئێمە زۆرینەمان عەرەبین و لەکوردیی ناگەین ناکریێ بەکوردیی قسان بکەن!! عیماد حەرب و دوو کۆرگێری ئەمەرکیشی لیێ بوون وتیان بابە مادام وایە بەعەرەبی قسە بکە، منیش بەگاڵتەوە وتم کاکە منیش عەرەبی نازانم ، بەڵام بەئینگلیزیی قسە دەکەم و ئەوانە ئەکادیمین و ناکریێ بڵێن : ئینگلیزییش نازانین!! والحاڵ بەئینگلیزی کەوتمە قسە..دواتر باسی ریشەی سەرچاوەکانی شکستی مێژوویی پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەمان کرد لەعێراق و باسی ئەو گیانە عەرەبیزمە خۆبەزلزانە و تاوانە مێژووییەکانی رژێمەکانی عێراقمان دژی کورد خستە روو، دواجار رووکردە عیماد خەرب و بەعەرەبی پێم وت: کیف ینجح سلام یقودە حرب؟/ واتە ئەو ئاشتییە چۆن سەردەکەویت کە حەرب رابەرایەتی بکات) من بەو وتەیە بێئومیدیی خۆمم لە پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەسازیی عیراق بەو عەقڵەیەتەوەو بەرابەریی ئەمریکاییەکان خستە روو بەڵام ئەوان بەگاڵتە وەریانگرت و کردیان بەپیکەنین!!


UNITED STATES
INSTITUTE OF PEACE
LIVE
UNITED STATES
INSTITUTE OF PEAC
IMAD HARB
C-SPAN 2
U.S. Institute of Peace
Education Program Senior Officer

پاش ماوەیەك دوای ئەوە كاك ئەمیری حەسەن پور سەردانی كوردستانی كردبوو و لەزانكۆی سلێمانی كۆڕیكی گرت باسی عێراقی نوێ و مێژووی خەباتی كورد و عەرەب و نەختێكیش باسی ڕۆڵی یەكێتی و چەپەكان لەو خەباتەو ئنجا باسی كاژیك و پاسۆكەكانی كرد كە هەندێ دروشمی دژی عەرەبیان وتوەو خورمایان نەخواردوەو ئەو قسانە. پاشتر دەرگای گفتوگۆ كرایەوە یەكەم كەس من قسەم كردو بەدڵی خۆم گاڵتەم بە چەمكی (عێراقی هیواو ئاشتی) كرد و وتم ئەو كەسانەی باسی دەوڵەتێكی هاوچەرخی دیموكراتی و فیدراڵی چەسپاو بەهیز دەكەن لەعێراق یان مێژووی خویناوی ململانێی قەومی و مەزهەبی و سیاسیی ئەم ناوچەیەیان نەخوێندۆتەوە یان چاوی خۆیان لەراستیەكان دەنوقێنن، ئاخر چۆن دەكرێت لەسەر داروپەردوی وڵاتیكی وێران و قەرزار و شێواو لەسایەی هیزە عەمامە بەسەرە میلیشیایی و وردە بەعسییەكان و هیزی مەزهەبی نامەدەنی پرۆژەی دیموكراتیزەبوون و مەدەنییەت بەرهەمیكی هەبێ؟!! دواتر هەندێك لەو هەلانەی سەبارەت بە پاسۆك و خورما كردنی ڕاستمكردەوەو وتم وێرای ئەوەی من پاسۆكیش بووم، بەڵام كەم ڕۆژ هەیە خورمای تیدا نەخۆم و زۆریش حەزم لەخورماخۆرەیە..دیسانەوە پیكەنین...

ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆی..وتیان با چەند مامۆستایەك بچنە پارێزگا و لەوێ وەفدیك هاتوون لەبەغداوە باسی دەستوور دەكات و ئەمەریكییەكانیشیان لەگەڵە دەیانەویت ڕاو بیروڕای ئێوەش بزانن..منیش لەگەڵ چەند برادەرێكی دیكە چووم بۆ پاریزگا، لەوێ چەند عەرەبێكی كەڵە زل و چەند ئەفسەرێكی ئەمەریكی لەپەنا دانای ئەحمەد مەجید دانیشتبوون دیسانەوە باسی عێراقی هیواو ئاشتی و ڕەشنوسی پرۆژەی دەستوورە پر دەستكەوت و بایەیخەكەیان دەگرت و كابرای عەرەب وتی: خۆتان باش ئەزانن تائێستا بەریتانیا دەستووری نییە، ئەوە ئێمە لەماوەیەكی كەمدا پرۆژەی دەستوورمان

دانا!! منیش وەڵامم داوە سەرەتا مێژووی رەش و خویناوی عێراقم خستە بەرچاو، دواتر باسی حەتمییەتی شکستی پرۆژەی (عێراقی نوێ)م بۆکردن و وتم بوونی دەستوور بەو هەموو کەموکورتییەی کە من وەك کوردیك دەیبینم مانای بوونی دیموکراتی نییە و نەبوونیشی لەبەریتانیا مانای نەبوونی نییە، ئەگەر وایە من پێشنیاز دەکەم با چەند سەرکردەیەکی عێراقی عەمامەبەسەر بنێرنە بریتانیا تاکو ۆرکشۆپ بۆ بریتانییەکان بکەنەوەو فێری دیموکراتیان کەن!! دیسانەوە پێکەنین..هەربۆیە دانای ئەحمەد مەجید زوو تیگەیشت و چرپانی بەگوێی کابرا سەرزلەکەو وتیان سوپاس براینە ئێمە کاتمان نەماوە پیویستە بڕۆین و هەستان رۆشتن!!

من تائێستا بۆم روون نییە کە ئەوەی ئەمریکییەکان لەعێراق کردیان بەهۆکاری نەزانیی بوو یان بەئەنقەست بووەو بەشێکە لەو فەوزا خەلاقەی باسیان دەکرد ، بەڵام لێم روونە ئەوەی لەماوەی ئەم دەیەی دوای روخانی رژێمی بەعسدا قازانجی کردووە بژاردە بازرگانەکەی بازاڕی رەشی سیاسەت و وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی دەستتێوەردەری وەك ئێران و تورکیا و ئەمەریکاو ئیسرائیل و سعودیەو ئەوەش خوینی لێ دەچۆڕێ و ماڵوێران دەبێ خەڵکە هەژارە بێ پەناو و ساحێبەکەیە!!



**کوردو چینایەتیی**

# دۆخی چینایەتیی لەنێو کورددا

پێشتر کاتێک باس لەدۆخی چینایەتیی دەکرا لەکۆمەڵگای کوردییدا، قەومییەکان یەکسەر بێ پێچ وپەنا دەیانوت: کۆمەلگای کوردیی چینایەتیی تیانەبووەو نەگەشتۆتە ئەو ئاستە پێشکەوتنەی بەشێوەی کۆنکرێتیی بەسەر چینی جیاوازدا دابەشبێت!! ئەوەش لەو دیدە تۆتالیتارییەی قەومییەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە بۆ یەکێتی نەتەوەیی نکۆڵیی لەبەرژەوەندیی چینایەتیی جیاواز لەنیوان خودی کۆمەڵگادا بکات . راستە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیی بەکوردیشەوە هاوشێوەی ئەوروپییەکان لەرووی چەندایەتیی و چۆنایەتیەوە چینەکانی تیدا زەق نەبووەو چینە سەردەستەکان خاوەنی دەیان هەزار کۆیلەو قەڵای مەزنی فیوداڵیی و سێرف نەبوون و ئاین و خێڵ زۆر رووی چینایەتییان بە شاراوەیی هێشتۆەوەو خەباتی چینایەتیش وەک رۆژئاوا زەق و بەرچاو نەبووە، بەڵام هەمیشە لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکانیش چینی دەسەڵاتدارو خاوەن زەوی کە خۆیان لە حوکمڕان و دەرەبەگ و شێخ و ئاغاوات و سەرۆک خێڵ و توێژە سەردەستەکانی تردا بینوەتەوە هەمیشە جیاواز لە رەعیەت تەماشاکراون و خاوەنی پێگەو جیاوگ و هێزو نفوزی سیاسی و چەکداریی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی خۆیان بوون و بەوپەڕی جەبەروت و توندوتیژییەوە بەرەژوەندی خۆیان لەکۆمەڵگادا لەبەرامبەر چینی ژێردەستەو هەژارەکان و رەعیەتدا سەپاندووە. دیارە لەگۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیشدا ئەم رەوشی چینایەتییە رەنگیداوەتەوەو هەمیشە بەندبێژ بەچاوی تەعزیمەوە ناوی سەیزادەو بەگزادەو شێخزادەو کوڕە ئاغای هێناوەو خەڵکی ئاساییان بە گولەی سەگباب ناوبردووە. وەک بەیتبێژ دەڵێت:

بۆتۆ روحمت نەماوە...دڵ دەسوتێ وەک قاوە... قوربانی ئەو دایکە بم مەمکی لەزرات ناوە...تۆ قابیل بەکوڕەئاغای...چیت لەگولەی سەگباب داوە!!

## ئۆتۆمبێلی بەردەرگا

پێریێ بەگەڕەکێدا بەرەو بازاڕ دەرۆیشتم، ژنێکی قەیرە بەشاتە شات هاتەبەردەرگا و وتی : ئەو سەیارەیە هی تۆیە لەبەر ماڵی ئێمە؟ منیش وتم: نەوەڵا من هەر بەپیادە بۆ بازاڕار دەڕۆم و سەیارەکەم لەماڵەوە حەواوەتەوە. وتی وڵا بیزاریان کردووین هەرکەس دێت سەیارەکەی لەبەرماڵی ئێمە فڕێ دەدات و دەڕوات ئێوارە دێتەوە. وتم: لەسەر کارتۆنێک بۆی بنووسە: ئەمە شوێنی سەیارە راگرتن نییە و جارێکی تر لێرە رایمەگرە. ئەوە بەشکم شعوری هەبێت و دووبارەی نەکاتەوە! وتی : وەڵا کارتۆنمان هەیە بوەستە ماجیکێکت بۆدێنم لەسەری بنووسە. منیش وتم باشە. ژنە کارتۆنی هێناو پیکەوە دەستمان بەنووسین کردو لێبووینەوە. کاتێک خەریکبووین کارتۆنەکە بخەینەژێر فلچەکانی جامی پێشەوە، خاوەنی سەیارەکە هاتەوە دەرکەوت خوشکی ژنەکە خۆی بوو چووبوو بۆ ساڵۆن و سەیارەکەی لەوێ دانابوو!!



**ئەنە گنە!!**

وەختی خۆی کابرایەک هەبوو ناوی ئەنوەر بوو، ئەنوەر گن بوو بەلوت قسەی دەکرد و پیتی ر ی دەیکرد بە نون، هەروەها بەدمەستیش بوو، کە دەیخواردەوە هەرچی خراپە دەیوت و دەیکرد. رۆژێکیان خەریکی خواردنەوە بوو، دایکیشی خەریکی نوێژکردن بوو، لەپاش نوێژەکە دەستی دوعای هەڵبڕی و نزای کرد و وتی: خوایە ئەنە نەیگرێ!!

ئەنەش کە گوێی لەدوعاکەی دایکی بوو، لێی راپەڕی و زۆر قسەی خراپی پێوت و وتی : سەگیاب من بۆیە ئەخۆمەوە بمگنێ تۆ بۆ دوعا ئەکەی و ئەلیی خوایە ئەنە نەیگنێ، بڵێ خوایە بیگنێ!!!


## خوا حمص ژێرەوژووركەی!!!


ئەمە دوعای رێبوارێكی بازرگانە شەش سەدە پێش ئێستا رێی كەوتۆتە ئەو شارەی شام كە سێیەمین شاری گەورەیە لەپاش دیمەشق و حەلەب و دەكەویتە ناوەڕاستی وڵاتەوەو پێگەیەكی بازرگانی و شوێنەواری هەیە. چیرۆكی ئەم پیاوە لەكتێبەكەی ئیمام شەهابەدین ئەبشیهی دا هاتوە بەناونیشانی (المستطرف في كل فن مستظرف)، گوایە كاتێك گەیشتۆتە شارەكە گوێی لەبانگبێژ بووە وتویەتی:( اشهد ان لا اله الا الله و ان اهل حمص یشهدون ان محمد رسول الله)، ئەویش ئەمەی بەلاوە سەیر دەبێ و دەچێتە لای ئیمامی مزگەوت بۆ شكات، كە دەچێتە ئەوی دەبینی ئیمام لەسەر پێیەك راوەستاوەو پێشنوێژی دەكات! كابرا بەبینینی ئەمە هەڵدەبەزیتەوەو یەكسەر دەچێتە لای موحتەسیب بۆ شكات! كە دەچێتە لای دەبینی موحتەسیب قورئانیكی لەكۆشدایەو كوپەی شەرابیشی بەدەستەوەیە لێی دەفرۆشی و بە قورئانەكە سویند دەخوا كە شەرابەكەی بی غەل و غەشە! بازرگان بەپەلە دەكشێتەوەو رادەكاتە لای قازی شار بۆ شكات، كە دەگاتە لای قازی دەبینی لەسەردەم پالكەوتوەو مێردمنداڵێكی بەسەرەوەیە و خەریكێتی! كابرا یەكسەر هاوار دەكا: خوا حمص ژێرەوژووركەی! قازی لەبازرگان دێتە وەڵام و دەڵی ئەوە چی بووە؟ ئەویش هەر لەسەرەتاوە چی بینیوە باسی دەكات، قازی دەڵێت: بابەگیان تۆ خراپ تیگەیشتووی! سەبارەت بەبانگبێژەكە، ئەمڕۆ بانگبێژی مزگەوتەكە نەخۆش بووە و كابرایەكی جولەكەیان بەكری گرتووە لەبری ئەو بانگبدا ئەویش خۆ ناكرێ شەهادەت بێنێ!! ئیمامەكەش كاتی لەماڵ هاتۆتەدەرەوە قاچیكی كەوتۆتە پیساییەوەو بۆئەوەی خەلكەكە نوێژی جەماعەتیان نەفەوتی لەسەر قاچیك وەستاوەو ئیمامەتیكەی بۆ كردوون!! ئەوەی موحتەسیبیش، باخی مزگەوتەكەی ترێیەكی خراپیان هەیە بۆ فرۆشتن نابێ ، ناچار دەیكەنە شەراب و دەیفرۆشێ و پارەكەی بۆ مەسرەفی فەقی و مەدرەسەی مزگەوتەكە سەرف دەكەن!!

سەبارەت بەخۆشم، ئەو منداله هەتیوه باوکی مردووەو دارایی و موڵکیکی زۆری هەبووه، چونکه منداڵ بوه نەیدراوەتی ئێستا دەلێن گەیشتۆته سونی روشد و منیش دەمەوی تاقی بکەمەوه بۆ ئەوەی شەرع و عەدالەت بەرقەرار بێ!! بازرگان که ئەمه لەقازی دەبیستێ، له حمص دەردەچێ و سویند دەخوا هەتا ماوه نەچێتەوه بەو شارەدا!!

قازی لەژیر هەتیوا سوڵتان دەستی به خەنجەر

نانمان لەدەستی زۆردار ، دادمان لەدەستی قوندەر!!


المستطرف
في
كل فن مستظرف
تأليف
بهاء الدين أبي الفتح
محمد بن أحمد بن منصور الأبشيهي
دار صادر
بيروت



# ئاغاو جووتیار

ئاغایەك بڕیاری دابوو لەپای کاری ڕەنجبەرەکانی سەرو دە تەنەکە گەنمیان بداتێ، سێ ڕۆژ جارێك سەرەی پێدەگرتن و دواجار یەکی تەنەکەیەکی دەدانێ، یەك لەپێشخزمەتەکانیشی پێی وت: ئەرێ ئاغا بۆ یەکسەری نایاندەیتی و نەجات بی ئەمە چییە هەر بە سێ ڕۆژ تەنەکەیەکیان دەدەیتێ؟!!

ئاغاش وتی: هەتیو تۆ نازانی بەم شێوە نەبێ ئەم سەگبابانە نازانن نان لەدەستی کێ دەخۆن!!

# پاسۆک لەهەولێر

ساڵی ١٩٩٢، مەڵبەندی پاسۆک لەهەولێر بەرامبەر مەلعەب بوو، هێشتا لەگەڵ پارتی گەل و حسکدا یەکگرتن روویندابوو، پاسۆک دەیویست هەر حیزبیکی سلێمانی نەبێت و لەهەولێریش ئەندام و لایەنگری هەبێت، هەربۆیە کاکە رەش داوای لەپاسۆکەکان دەکرد قسە لەگەڵ خەڵک بکەن و بەرنامەو دروشمەکانی حیزبیان بەگوێدا بدەن و باسی کۆتایی یەکیتی سۆفیت و رووخانی دیواری بەرلین و نوێبوونەوەی نەتەوایەتیی و خەونی کوردستانی سەربەخۆو ئازادیان بۆ شیبکەنەوە.

من و برادەرێکی دیکە هەوڵماندەدا لەگەڵ پیاوێکی هەولێریی و لەرووی سیاسیی و مێژوویەوە باسی پاسۆک و دروشمەکانمان بۆ دەکردو حەزمان دەکرد لەو حیزبە نەتەوەییەدا کاربکات. بۆئەوەش هەوڵماندەدا دروشمەکانی حیزبی بۆ روون بکەینەوەو کاتێک دەمانوت:

-کوردستان تەنیا موڵکی کوردە

ئەو دەیوت:یەعنی کو؟ !!

کاتێک دەمانوت:

-تا کوردیک بچەوسێتەوە کوردستان رزگاری نەبووە

ئەو دەیوت: چ چ چ چ؟!

کاتێک دەمانوت:

جەماوەر هەمیشە لەسەر حەقە گەر هەڵەش بێت کە نابێت

دەیوت: بەخودای حاڵی نەبووم

کاتێک دەمانوت: هەرکەس بەوشەی کورد داچڵەکیی یان گێلە یان داگیرکەر

دەیوت: ئەدی کو؟!!

وەلحاڵ ماوەیەکی زۆرخەریکی بووین نەک هەر نەمانتوانی زەڕەیەک فیکری بەلای حیزبدا راکێشین بەڵکو وایکرد کە تۆوی دوورکەوتنەوو وازهێنان لەپاسۆک لەلای ئێمە چەکەرە بکات!!!

# كابرای خاكەناز بەدەست

ساڵی 1996 كە لەزانكۆی دهۆك مامۆستابووم و ئۆتۆمبێل لەرێگای كانی وەتمانەوە بەرەو لای رانیەو ئنجا بەرەو خەلیفان بەرەو ئاكری و ئنجا دهۆك دەڕۆیشت، لەسەرە رێگاكە، موجەمەعێكی لێبوو پێش سەیتەرەكە پیاوێكم بینی خاكەنازێكی بەدەستەوە بوو گوایە چاڵێكی رێگەكە پڕدەكاتەوەو هەر ئۆتۆمبێلێكیش بەوێدا تێدەپەڕی دینارێكی لێ وەردەگرت!! پاش 7 سال، كاتیك زانكۆی دهۆكم جێهێشت و هاتمەوە، دەبینم ئەو پیاوە هەر لەسەرە ریگاكە ماوەو بەخاكەنازەكەیەوە خەریكی پڕكردنەوەی ئەو چاڵەیە كە 7 ساڵ پێشتر خەریكی پڕكردنەوەی بوو، تەنیا جیاوازیی، ئەمجارەیان منداڵێكی 7 ساڵانی لەگەڵ بوو بە خاكەنازێكی بچووكەوە كە یارمەتیی دەدا!! ئێستا ئەوە نزیكەی 15 ساڵە بەو رێگەیەدا نەڕۆشتوومەتەوە ، توخوا هەركەسێك بەوێدا رۆیشت سەیرێكم بۆ بكات بزانێت ئەگەر هەر خەریكە ئێستا چەندی دیكەی نەوەو كوڕەزا لەگەڵە بۆ پڕكردنەوەی چاڵەكە!!



## گۆڕان و ریفراندۆم

نزیک بە ٥٠ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ٩، من و عەدنان عوسمانی گۆڕان و مامۆستا زمکانی زانستە سیاسییەکان، لە بەرنامەی دیالۆکدا سەبارەت بەو بابەتە گفتوگۆمان کرد، دانیشتنەکە لەلایەن توان عوسمانەوە بەڕێوەبەرا، من بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەی ئامادەبوون کە ئومیدیان بە ریفراندۆم هەبوو، زۆر بەوردیی لەمپەرەکانم بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لەو قۆناغەدا دەستنیشانکردو نەک هەر ئەگەرێکم بۆ سەربەخۆیی و بەرهەمداربوونی ریفراندۆم ڕەتکردەوە، بەڵکو بەروونی ئاماژەم بەو پێشبینیەدا کە لەکاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم کوردستان تووشی پەلاماردەبیتەوەو ئێران هانی هێزەکانی خۆی و حکومەت دەدات لەعێراق دژی کورد هێرشبەرن، کوردیش تواناى بەرگریی لەخۆی نییەو شکستدێنین. لەدوای تەواوبوونی بەرنامەکە، توانا عوسمان وتی : دکتۆر بەراستتیی تۆ پێتوایە عێراق کاریکی ئەوتۆ بکات؟! وتم: بەدڵنیایەوە دەشیبینی دەبیتە چۆن کارەساتێک!!

لەکاتی هاتنە دەریشەوە لەعەدنان عوسمانم پرسی کە بۆچی گۆران ساردە لەدەرخستنی لەمپەرەکان و بەروونیی مەترسییەکانی ئەم هەنگاوە لەئاستی بالا رایاناگەیەنێت؟!! وتی بەخوا کەوتوینەتە دۆخیکەوە ناتوانین بەئاشکراو راشکاوانە قسە لەو مەسەلانە بکەین و بکەوینە دژی شەپۆلەکە !!

# دووجار فەسڵکران و سێ جاریش دامەزراندن

پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٩٣ لەزانکۆ دەرچووین، هەرئەو ساڵە لەریگەی پەروەردەی سلێمانییەوە مامەڵەی دامەزراندنمان کردو وەک مامۆستا دامەزراین، بەڵام چونکە هەر لەپایزی ئەو ساڵە ماستەری مێژووی هاوچەرخ لەکۆلێجی ئاداب لە هەولێر کرایەوە، وەک مامۆستا دەستبەکارنەبووم و پاش ماوەیەک فەسل کرام. پاش تەواوکردنی ماستەرەکەم چوومە دهۆک بۆ دووەم جار لە ٣ی شوباتی ١٩٩٦دا بەموچەی ١٩٠ دیناری بنەڕەتی دامەزرام و ٧ ساڵ راژەم هەبوو لەکۆلێجی ئاداب، هەر لەو ماوەیە لەدهۆک مامۆستا بووم و لەهەولێریش بوومەوە فێرخوازی دکتۆراو ساڵی ٢٠٠٢ تەواوم کردو ویستم مامەڵەی گواستنەوە بکەم بۆ زانکۆی سلیمانی، بەڵام چونکە دوو حکومەتی زەردو سەوز بوو، مامەڵەکەم هەتا وەزارەت بڕی کردو لەوێ وەڵام بڕا. ناچار ئەوێشم بەجێهێشت و لەدهۆک فەسڵکرام و گەڕامەوە سلێمانی و مامەڵەی دامەزراندم دەستپێکردەوەولە ٢٧ی ئابی ٢٠٠٢ لەکۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەموچەی بنەڕەتیی ٤٤١ دینار دامەزرامەوە. واتە لەو ماوەیەی نێوان ١٩٩٣-٢٠٠٢ سێ جار دامەزراوم و دووجاریش فەسڵ.

# کۆکتێلێکی فره مەوج

ساڵی یەکەمی زانکۆ لەبەشی ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی تەکنەلۆژیی لەبەغدا دەمانویست کوڕێکی خەڵکی دوزخورماتو بەلای کوردایەتییدا راکێشین دواتر بۆماندەرکەوت ئەو ئەرکە لەغافلکوژکردنی سەدام حسێن زەحمەتتر بوو لەبەرئەوەی ئەو کوڕە لەگەڵ تورکومانەکان تورکومان بوو، لەگەڵ عەرەبەکان عەرەب بوو، لەگەل مەسیحییەکان کلدانی بوو، لەگەڵ شیعە شیعەو لەگەل سونی سونەبوو، لەگەڵ بەدۆکانیشدا بەدو بوو، خۆ ئەگەر بەتەنیاش بکەوتایەتە نیو کوردانەوە ئەوا گەرمیانییەکی زۆر جوان قسانی دەکرد، من زۆر زوو لەبەغدا نەمام و ساڵی 1988 گەڕامەوە هەولێر، بەڵام برادەران دەیانوت وەڵاهی تەنانەت دوای چوار ساڵەکەش هێشتا ئەحەق بۆمان روون نەبۆوە ئەو هەتیوە سەر بە چ تۆرەمەو نەژادێك بوو!!

# ئەمەل بە ئەمەل!!

سالّی ١٩٨٧ بوو کە لەبەشی ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی تەکنەلۆجی بەغدا وەرگیرام، کەلەگەڵ برادەران خوالێخۆشبوو داناى خوارەحمەفەنی و پێرسی مامۆستا نیهاد و یوسفی خوشکەزای شێخ مەحموی سەیدگوڵ چووینە زانکۆی تەکنەلوجی، هەرکەس سۆراغی بەشەکەی خۆی کرد. بەشی میکانیک لەو زانکۆیە بەوە ناسرابوو بەدەگمەن کچی وەردەگرت، ئێمەش سەیری لیستی ناوە هەڵواسراوەکانمان کرد، پێرس کەلەبەشی ئەندازیاری میعماری وەرگیرابوو، وتی بەشەکەی ئێمە هەمووی کچە بەس ٤ کوڕی تێدایە، داناش کە لەکارەبا بوو وتی وەڵا ئێمەش نیوە بەنیوە دەرچووین. من هەرچی سەیری ناوی بەشەکەی خۆمانم دەکرد هەموو خەلیل و جەلیل و کەریم و مەعیوف بوو، تەنیا یەک ناوی ئەمەلی تێدا بوو کە ئەمەلمان پێی بوو، وەلا کە سبەی چووینە پۆلەوە، چاوریی ناوی ئەمەل بووین هەر خوێنرایەوە: بە دەنگێکی گڕی ناساز وتی : نعم أستاذ!!! کە ئاوڕمدایەوە چی ببینم یارەبی، عەبەنووسێکی رەشی قەترانیی بەصراویی کە تازە لە سەربازیی گەڕابۆوە دوو چاوی زەقی پێوەبوو زەلام زندەقی لێیدەچوو!! وتم هەی هەش بەسەرمان وەڵا ئەمەلێکمان بەم ئەمەلەبوو بەڵام تەواو بێئەمەلی کردین!!

## ڕۆحی هاوکاریی

بەهۆی دانیشتنی زۆری سەر کۆمپیوتەرو کاری نووسینەوە هەندێک کێشەی بڕبڕەی پشتم بۆ دروستبووە، دوێنێ لەبەردەرگا خەریکی رادێتەری ئۆتۆمبێلەکەم بووم، سەبارەیەکی کۆنەفرۆش کە کوڕێکی ریوەڵە لێی دەخوڕی، لەولای ماڵی ئێمەوە وەستاو لەگەڵ ماڵێکی خوارەوە کەوتە مامەڵەو موبەریدەیەکی لێکڕی، دوایی لەسەربانی قاتی دووەمەوە پەتی لێبەست و هات بۆ لام وتی : مام حاجی ئەتوانی ئەو مەبەریدەیەم لەگەڵدا داگری لەسەرەوە، وتم ولا بابە من پشتم ئازاریکی تیایە بەڵام مادام لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە یارمەتیت دەدەم .وەڵا ئیشەکەی خۆم جێهێشت و چووم و موبەریدەم لەگەل شۆڕکردەوە و بۆم گەیاندە خوارەوە،. گەڕامەوە خەریکی ئیشەکەی خۆم بم پاش تۆزێک کوڕەکە هاتەوە وتی : مام حاجی بەشکم بێیت موبەریدەکەم لەگەڵدا باربکەیت و بیخەیتە قینگی پیکابەکەوە!! وتم وەڵاهی کاکە پێشتر پیم وتی پشتم ئازاری تیادایەو قینگی پیکاپ کوڕی خۆی دەوێ ئەگەر ئەوەنە زەروری بۆ کەسێک لەگەڵ خۆت ناگێڕی و ئەو کارە بەم و بەو چۆن دەکرێ!!!ئیتر هەندێک تەکلیف هەیە بێمانایە ئەیکەی تووشی بەزمێک ئەبی و نایکەی ئەلێن کابرا رۆحی هاوکاریی نییە.



# مام ڕەحمان

لەسەرەتای نەوەتەکان لەشوقەکانی نیوبازاڕی هەولێر کە ئێستا دۆلارخانەیە، مام ڕەحمانێکی لێ بوو ڕەبەن بوو ، تەمەنی نزیك بە حەفتا سالێك بوو، قسەی زۆر سەیری دەکرد، زوو زوو دەیوت : ئەمن بەری بە جاحێڵی لە قەراتێ گەلی کەیفم کردییە، ئێستاش نەمانزانی لەو قەڵا وشك و برنگە چ کەیفیکی کردییە؟!!. یەك لەو شتانەی زۆر پێی بێزاربوو ڕاپەڕین بوو، دەیوت : هەر مندارەکی عیز دەمانچەیەکی لەبەرکی نایە مۆڕەی دەکا و هەر قسەیدەکا دەرێ عیمایەی مەسوولم!! لەهەمووی سەیر تر هەر چییەکی خراپ لەو بازارە بقەومایە وەك پیکدادانی سەیارەو بڕینی قاسەو دزینی موڵك و ماڵ و وشەڕی دوکانەکان و دەستبردن بۆ ئەم و ئەو لە شێخەڵڵا و ..هتد، مام ڕەحمان یەکرا هاواری دەکرد: کوردایەتییە!!

## مەکتەبی عەقاراتیش بۆ هێشتا چوار سەعاتی ماوە بکرێتەوە

ئەم بەیانییە سەعات ٦و نیو دوو سێ جار لەسەر یەک زەنگی دەرگاکەمان لێدرا، منیش لەخەو راپەڕیم بە پەلە چوم کردمەوە وتم خوانەخواستە نەوەکا شتیکی لەناکاو روویدابێت. پیاویکی باریکەلە تراکسوتێکی لەبەردا بوو زۆر بەرێزەوە وتی : کاکە پرسیارێکم هەیە؟ وتم فەرموو کاکە، وتی : ئەوە لەم ناوە خانوی چۆڵ شک نابەی؟!!

نەمزانی چی پێ بڵێم ، وتم: براکەم ئێرە ماڵە ئەگەر مەکتەبی عەقاراتیش بێت هێشتا ٤ سەعاتی تر دەرگا دەکەینەوە!!

## لەیادی کۆڕەودا

### هەژاران تاکە چینن باجیکی قورسی رووداوە دڵتەزێنەکان دەدە ن

بەرپرسە حیزبییەکان کە باش ئاگاداری پەلامارو پێشڕەویی هێزەکانی حەرەس جمهوریی و شکستی راپەڕینەکەی 1991 بوون هەر چەند رۆژیك پێش کۆڕەو خزمو کەسی خۆیان ئاگادارکردەوەو وردە وردە شاریان چۆڵکردو تەواوی کەلوپەلی پێویستیان کۆکردەوەو بەسەیارەی باش و هیندیکیان بەلۆری و پارەی چاکەوە روویان لەسنوورەکان کرد، لەولاشەوە خەڵکە داماوەکەیان بەوە هەڵدەخەڵەتاند کە عیزەت دووری گیراوەو هیزی پیشمەرگە لەهەلمەت و پێشرەویی بەردەوامدان، ئێمە وەك لاوانیکی خوینگەرم کە بۆ بەرگریی خۆمان ئامادەکردبوو کاتیکمان زانی لەشکری عێراق خۆی کرد بەناوی شارداو لەسەرو خوارەوە بەتۆپ و راجمە پەلاماردراین، تەنانەت بواری دەرکردنی خیزانیشمان بۆ نەرەخسا، بەهەزار حاڵ و لەژێر بۆمباباران لەسەرکارێزەوە خۆمان کرد بەسەر قەبرانەکانی سەیوان و لەوێوە بەرەو شەستییەکەو لەسلێمانی چووینە دەرەوە،

# كە خێر دەبێتە شەڕ!!

برادەرێك گێڕایەوە:ساڵێك بەو عەیام لەهاوینیکی گەرماپڕوکێن بۆ پرسەیەك روومان لە گۆڕستانێکی دەرەوەی شارکردو منداڵێکیشمان هەبوو بەناوی حەمە و لەگەڵ خۆمان بردمان وتمان با لەماڵ بەتەنیا کەتنێك نەیا، لەکاتیکدا خزم و کەس و کار هەموو چووینە گۆڕستان، پوش و پەڵاش بەباڵای مرۆڤێك لەنیو گۆڕستانەکە بەرزببووەوە، خوالێخۆشبوو کە تازە خستبوویانە نێوگۆڕ،مەلا کەوتە تەڵقیندان و دواتر کەوتە باسی عەزابی قەبرو ئاگری دۆزەخ، ئەو لەم باسەدا بوو گەرمیی بەپشتمان گەیشت و بۆکڕوزگەیشتە لوتمان و قرچەقرچی ئاگرمان بیست، تومەز حەمە چەرخیکی پێیەو خافڵبونی ئێمەی بە تەڵقین و باسی ئاگری جەهەنەمی مەلاوە قۆزتۆتەوەو ئاگری لەپوش و پەڵاش بەرداوە!! هەر ئەوەنە یەك و دوو گۆڕستان داگیرسا و ئەو ئاگرەی مەلاباسی دەکرد هیچ نەبوو لەچاو ئاگرەکەی حەمە! تەلقینی چی و مردووی چی !بوو بەراکە راکێ کوڕم ئەویست خۆی نەجاتدا، بۆ چلەکەشی کەس رووی نەکردبۆوە سەرقەبران!!!



# كوردیی پەتیی

کابرایەک هەبوو زۆر بایەخی بەزمان دەداو حەزیدەکرد بەکوردیی پەتیی قسەبکرێت، رۆژێک لەنێو باخی ماڵەوە دانیشتبوو، گوی لەدەنگێک بوو هاواردەکات: نانەوردە...وردەنان!!وەڵا رێک هاتبووە دەرەوەو یەخەی کابرای گرتبوو بەسەر گوێدرێژەیەکەیەوەو دەیوت: تۆ چۆن دەبی بڵێی نانەوردە...وردەنان دەبێ بەتەنیا بڵێی وردەنان چونکە لە کوردییدا دەبی ناوەکە دوابخرێ وەک : جوانەگا، رەشەبا، شینەکەر..هتد!

جارێکی دیکەش، ئەم پیاوە باوکی مردبوو، دایکی پێی وتبوو: کوڕم سەیارەتان دەستکەوت جەنازەکەی پێ بەرن؟! وتبووی: دایکە مەڵێ سەیارە بڵێ ئۆتۆمبێل، مەڵێ جەنازە بڵێ تەرم!!دایکی وتبووی : ئەی لە کام سەرقەبران دەینێژن؟! وتبوی: دایکە مەڵێ سەرقەبران بڵێ گۆڕستان!!!

دایکیشی وتبووی: رۆڵەگیان وەڵاهی ئەم قسانەی تۆم لەمکاتەدا سەد ئەوەنەی مردنی باوکتم لا ناخۆشە!!!دە بیبڕەرەوە!!

## کاکەرەش ...بەرپرسی نوێی مەڵبەند

ساڵی 1992 بەرپرسێکی نوێ بۆ مەڵبەندی پاسۆك لەهەولێر دانراو رۆژێك وتیان كۆبوونەوەیە، ئیمەش چەند برادەریکی کەم بووین چووینە مەڵبەندو بینیمان مامۆستا عەبدولقادر مستەفا بوو لەوی باسی دروشمەکانی حیزب و شیکردنەوەی بۆکردنین ، بەتایبەت دروشمی :(کوردایەتی کورد مرۆڤایەتییە) کە لەکتێبی : پاسۆك لەکلاورۆژنەی دروشمەکانییەوە وەریگرتبوو. مامۆستا قادر هەم مامۆستا بوو هەم هونەرمەند و پێشتر لە ناوەندی کانێسکان وانەی وینەی پێدەوتین، هەروەها لە چیرۆکی تەمسیلی ژیانیش رۆڵی کاکەرەشی دەبینی. ئەو کە ئاستی زانستیی و قسەکردنی دیارییکراو بوو بەزەحمەت دەیتوانی ئەو دروشمە شیبکاتەوەو نموونەی زۆر هەزەلی دەهینایەوە، هەر تەواوبوو من لەشوبنی خۆمەوە وتم: کچێ هۆ هەمین گیان هەردوو لاقەکانت ماچ دەکەم!! یەکسەر جەماعەت دایانە پرمەی پیکەنین و کۆبونەوەکە بەتورەوبوونی کاکەرەش کۆتایی هات وتی ئێوە بۆ حیزبایەتی هاتوون یان بۆ گاڵتەجاریی! ئیتر ئیمە رۆشتینەوە دەرەوەو بەپێ هەتا بازار هەر بە قسەکانی کاکە رەش و لێکدانەوەکانی بۆ مرۆڤایەتیی کوردایەتیی پێدەکەنین..بەراستی رۆژێکی هەتا بڵیی خۆش بوو یادی کاکەرەشیش بەخێر...



## خوا دەلیلی داماوە!!!

دەگێرنەوە ئەو کات کە دەنگۆی کەوتنەوەی جوڵانەوەی چەکداریی دەستپێکردبۆوە، هەر تاقم و گروپی جۆراوجۆربوون سەریان پیکەوە دەنا تا حیزب و رێکخراو دامەزرێنن و ئەگەر لوا خۆیان چەکداربکەن و بچنە چیاوچۆڵ. لەو نێوەدا، تاقمێک خەریکی ئەوە بوون پەیڕەوێک بنووسن و حیزبی خۆیان رابگەیەنن. لەپەیرەودا دێڕێکیان پێشنیارکردبوو کەدەلیت: هەرچی کچ و ژنانی کوردە بە خوشکی خۆمانیان دەزانین!!! یەکێک لەوانە کە مەسەلەکەی بەجدیی وەرگرتبوو خێرا هەڵیدابوویە و وتبووی: جا ئەگەر بەو شێوەیە بێت خۆ دەبێت هەتا قیامەت بەڕەبەنیی بمێنینەوە !!!

لەولاوە یەکێکی تریان کە دیاربووە بەئەزموونتربووە، رووی لەمەیان کردووەوتبووی :بابەگیان ئەمە شتانە هەر بۆ راوی سەرکاغەزن!! ئێ خۆئەگەر بچینە شاخیش ئیتر مەجالی ئەو بابەتانەمان زۆرنابێت و خواش دەلیلی داماوە!!

# حیزبایەتیی

بیرمدێت لەکۆتایی نەوەتەکان کاک عوبدولغەنی عەلی یەحیا وتاریکی درێژیی بەچەند ئەڵقەیەک لەگۆڤاری مەتیندا بڵاوکردەوەو رەخنەی لەدیاردەی حیزبایەتیی گرتبوو، پارتیشی وەک نموونە هەڵبژاردبوو. شێوازی نووسینە رەخنەییەکەی نابراو هیچ توندو رەق نەبوو، بگرە زۆریش هیور و تەنانەت لەهەندێک شوێن زۆر بەباڵای پارتیشدا هەڵیدابوو، کەچی پارتییەکان زۆر بەو نووسینە سەغڵەت ببوون و بێئەوەی هیچ وەڵامێکی گونجاوی ئەو وتارە بدەنەوە، لێرەو لەوێ پلاریان تێدەگرت. ئەوسا عەبدولغەنی لەو وتارەیدا نووسیوبووی کە بارەگاکانی پارتی لەبری ناوەندو شوێنێکی حیزبایەتیی کە ئەرکی رێکخستن و کاری ئامادەکردنی خەڵک و هۆشیارکردنەوەیەتی بەبیر و میژووی حیزب، تەقریبەن وەک چایخانەیەکی لیهاتووە، کۆمەلیک خەڵکی تێدا دێت و دەچێت کە بەهرەیەکیان نییەو بارەگاکان وەک قەورەیەکی بەتاڵ ماونەتەوەو بیکاریگەرن لەسەر ژیانی خەلکی. بەراستیی ئەم وتارە هەرچەندە هیچ شوێنی خۆی نەگرت و ئاوڕی جدیی لینەیرایەوە، بەڵام لەو کاتەدا بەجوانی پەنجەی خستبووە سەر بێهودەیی و پاتاڵیی ژیانی حیزبایەتیی و نەک هەر پارتی، بەڵکو تەواوی حیزبەکانی دیکەشی گرتبۆوە. شایەنی باسە حیزبەکانی کوردستان بەجۆرێک لەحیزبایەتیی کەوتوون کە جگە لەناوەکەیان هیچ پەیوەندییەکی دیکەیان بە ژیانی حیزبایەتیی سروشتییەوە نەماوە. لەم جۆرە حیزبانەدا بەجۆرێک فکرو شوێنی فەرهەنگ و مشتومڕی رۆشنبیریی پوچەڵکراوەتەوەو بیرۆکراتییەتی ناشایستەو دەسەڵاتگەرایی و ئۆتۆکراتیی رێبەرایەتیی بەجۆرێک سەپاوە کە بڕستی لەحیزب بڕیوەو کردوێتیە دەزگایەکی بێرۆحی گەنیو و داڕزیوی تاڵانیی و سەرکوتکاریی.

## (پێش میر) یان پێشمەرگە!

بە سوز دل مادر پیش‌میر
کە باشد جوان مردە و او ماندە پیر
(نظامی۶: ۱۱۴۸)

لەئێرانی دەورانی ستەمکاریی شاهەنشاهیی رابردوو، کەسانێك هەبوون کە (پێش میر) یان پێ دەوترا، ئەمانە وەك فیدایی و قوربانی پاشا دانرابوون و لەکاتی خواردن و کاتی پیلانگێڕیی و هەر شتێك مەترسیی لەسەر ژیانی پاشا هەبووایە ئەمانە دەبوونە باڵاگەردان و قوربانیی پاشا و بەوەش پایەیەکی ستەمکاریی بۆماوەیەکی درێژتر دەمایەوە. کە کۆماری کوردستان دامەزرا، پێشەوا هیزی جەنگاوەری پارێزەری خەلك و کۆماری ناونا (پێشمەرگە) و لە پێش میری جیاکردەوە، ئەرکەکەشی لە قوربانیدان و پاراستنی ستەمکاریی و پاشای ستەمکارەوە گۆڕی بۆ پاراستنی کەرامەت و سەروەریی گەل و نیشتیمان ودەستکەوتەکانی، بۆیە هەر کەسیك لەپیناوی بەرژەوەندی تەسکی حیزب و بنەماڵەو شەخسیی بەدژی کەرامەتی میللەت و پایەداریی نیشتیمان هەڵسوڕاو بەرگریی لە مانەوەی ستەمکارو ستەمکاریی کردو شەقی دژی خەڵکی وەزاڵەهاتوو وەشاندو بوو بە ئامرازی سەرکوتکاریی رژێمێکی پۆخڵ و گەندەڵ ئەوە (پێش میر) و جەلادو دژبەگەل و کۆیلەو خۆفرۆشەو فڕی بە پێشمەرگەو ناوی پێشمەرگەوە نییە!

# ناڵكردن

خاڵم ماوەیەك ناڵبەندبوو لەلای وەستا مەحموودی باوكی رەحیمە فشە لەلای حەمامی سورەتەوە، جارێك لەوی بووم كوڕێكی گەنجیان لابوو ویستی بارگیرێك بهێنێ ناڵیبكەن، بارگیرە خۆی راتەكان و ملی نەدا، خاڵم هەرچوو بناگوێی بارگیری گرت و رایكێشایە شوێنی ناڵكردن و بەماوەیەك كەم ناڵیكرد، ئنجا وتی: هەتا نەیزانی كوێی بگری ناتوانی ناڵی بكەی!!!

دەسا بەگۆڕی كاكئەحمەدی شێخ، ئەو حیزب و دەسەڵاتدارانەی ئەم هەرێمەش باش زانیویانە كوێی ئەم میللەتە بگرن تا هەر كات بیانەوێ بێئەوەی هیچ خۆی راتەكێنی و ناڕەزایەتییەك دەربڕێ ناڵیبكەن



## لوعابچیی

چەمکی (لوعابچی) لەمێژووی ئێراندا لەسەردەمی سەفەوییەکانەوە کەوتۆتە نێو فەرهەنگی ئیداریی و سەرزمانی کۆمەڵانی خەڵك، بەگوێرەی کتێبی (رستم التواریخ) ی کە لەدەورانی زەندییەکان لەلایەن محەمەد هاشم ئاصیفەوە نووسراوە، ئەم بۆ چەمکە بۆ کەسێکە پۆستیکی تایبەتی هەیەو یاوەری سوڵتانە گەندەڵ و نێربازەکانی سەفەویە بووە و کاتیك سوڵتان ئارەزووی جیماعی لەگەڵ خوڵامیکی لوسدا کردبێ، لوعابچی بە قاپێك تفەوە پاشی خولامانی سواغداوە بۆئەوەی سوڵتان بێ ماندوبوون فیسق و فجوری خۆی بکات و ئالەتیناموبارەکی بەئیسراحەت لەجەولەدا بێ!! من لەکاتیکدا کە شەوانە بەشێکی ئەوانە دەبینم لەشاشە رووزەردەکانی کەناڵەکانی سەتەلایتەوە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەت و پۆست و پلیەکی خۆیان و ئافەرینیك بەرگریی لەو دەسەلاتدارە دزو جەردەو خوینمژانە دەکەن و دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی خەلك و چین و توێژەکانی میلەت دەوستنەوە ئەم چەمکەم دیتەوە یاد و لەو باوەرەشدام گەر ئەمانە لەسەردەمی سوڵتان تاماسب و شاسولتان حسیندا ژیابان ئەوا هەموویان لوعابچی دەبوون!!

## دەوڵەت و سەروەت

برادەرێکمان هەبوو لەیەکێک لەحیزبە کوردییەکانی لای خۆمان زۆر هەڵسوڕو بەبڕواوە تێدەکۆشا، زۆریش موعجەب بوو بەیەکێک لە بەرپرسەکانی حیزبەکەی کە هەمیشە باسی بەدیهێنانی دەوڵەتی دەکرد. بەو دواییە بینیم باسی کاری خۆیم لێی پرسی وتی ئێستاکە دوورکەوتومەتەوەو خەریکی گوزەرانی خۆمم و پەیوەندیم بەهیچەوە نەماوە، وتم ئەی ئەو بەرپرسەی لەگەڵی بووی دەوڵەتەکەی دروست نەکرد؟! وتی : بەرەوەڵا دەوڵەتو سەروەتێکی زۆر باشی بۆ خۆی پێکەوە ناوەو ئەوە من بووم گەمژە بووم وامدەزانی چەند ساڵە مەبەستی لەو دەوڵەتەی باسی دەکات دەوڵەتی کوردییە نەک دەوڵەت و سەروەتی خۆی!!!

# لەنێوان کوێخا ئۆمەری سوێسنی و مەلامستەفا بارزانی و ئەحمەد تۆفیق دا

برایانی بەڕێز، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە نووسین و بیرەوەرییەکانی رەوانشاد کاك رەئوف مەلا حەسەن کە کوردیکی رۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەریکی راستگۆو ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە سەرەتای ساڵانی 1960 کان، هەروەها دۆستێکی خۆشەویستی مەلامستەفا بارزانی بوو پێمخۆشە ئەوانەتان کە بایەخدارن بەوردیی بیخوێیننەوەو سەرنجی لێکدانەوەی خۆتان (دوور لەهەر تەشهیرێك) لەسەر تێکستەکە بنووسن.

لە زەمانی رەزاشای گەورەدا یانی باوکی "محمد رەزاشا" ی پێش ئینقیلابی خومەینی, ساڵانی "1930" شتێك زیادل دەکەم , ژەندرمە و ئەمنییەکانی زەمانی رەزاشا زوڵم و زۆریان وای لێهاتبوو کە ژیانیان لە گەلی کورد تالأ کردبوو, چ لەباری زمان و چ لە باری لیباسەوە.

لەوکاتەدا کوێخایەکی مەنگوڕ "سوێسنی" بەناوی کوێخا ئۆمەر لەحکومەتی رەزاشا یاخی بووەو ناوی خۆی دەنێ "عومەر پاشا."

سەیریش ئەوە دەبێ ئەم کوێخا ئۆمەرە نە کەم و نە زۆر خوێندەواری نابێ, 150 یا 200 کەسێك لە خزم و ئەقرەبای خۆی ساز دەکا و بەتفەنگی ئەو زەمانە وەك سێتیرو شتی وا دەداتە چیاو لەحکومەتی رەزاشا یاخی دەبێ و داوای حەقی کورد دەکا-مەلا حەسەنی قزڵجی- لە کتێبەکەی خۆیدا "پێکەنینی گەدا" دا بەوردی باسی ئەم کوێخا ئۆمەرەی کردووە.

بەهەرحالأ "کوێخا ئۆمەر" یا عومەرپاشا , دوو سالأ لەچیا دەمینێتەوە شەڕی حکومەت دەکا. تا ئاخری حکومەت بە جەیش و جاش و ژەندەرمەوە هجوم دەبەنە سەری و کوێخا ئۆمەر تێك دەشکێ و

ئاوارەی ئەمدیو دەبێ, لە دەوروپشتی سەنگەسەردا لەناو مەنگوڕەکانی ئەمدیودا ژیانێکی فەقیری و کولەمەرگی بۆخۆی دروست دەکا.

لەساڵانی 1963و 1964 و 1965 دا, ئێمە سەردانمان دەکردو ئەگەرچی یارمەتی لەکەس قبول نەدەکرد بەلام ئێمە زۆرمان ئیحتیرام دەگرت و هەروەها داواشمان لە خەڵکی ناوچەکە کرد کە رێزی لێ بگرن.

کاتێك کە مقەڕی سەرۆك بارزانی هاتە سەنگەسەر, ئێمەش لە نزیك مقەڕی بارزانیەوە مقەڕی خۆمان بوو.

رۆژێك کوێخا ئۆمەر هاتەلامان "ئەحمەد تۆفیق" لێی پرسی:

کوێخا ئاواتت چی یە لەم دونیایەدا؟

کوێخا دەستی کرد بە گریان و وتی:

تەنیا یەك ئاواتم هەیە ئەویش شادبوونە بە دیداری بارزانی, پاش ئەوە دنیام ناوێ و حەز بە مردن دەکەم.

کوێخا ئۆمەر بەهۆی دەربەدەری و فەقیری و پیری یەوە تەواو کەنەفت و لاوازو چکۆلە بووبۆوە و هەر تەنیا هەر تەنیا چنگێکی مابوو.

"ئەحمەد تۆفیق" وەعدی زیارەتی بارزانی دایەو لەناو لیستەی مواجەهەدا ناوی نووسی و ناردی بۆ "مەلا باقی" رەحمەتی, ئیدی ئێمە بەهۆی ئیشی خۆمانەوە ئاگامان لە کوێخا ئۆمەر نەما.

کوێخا ئۆمەر لەناو حەوشی مەکتەبەکەدا کە مقەڕی بارزانی لێ بوو, چاوەڕوانی مواجەهە دەکا. لەپڕدا حەرەس بانگی دەکا, کوێخا ئۆمەر بێ ئەوەی قسە بکا پێشیان دەکەوێ بۆ ژووری بارزانی.

هەموو کوردێك ئەوە دەزانێ کە بارزانی پێشوازی لە هەموو کەس دەکرد, منالأ, گەورە, بچووك, شوان, گاوان, دەوڵەمەند, فەقیر, کوێخا, ئاغا..خۆلاسە هەر کەسێك بچووبایە بۆ لای بارزانی, ئەم پیاوە

گەورەیە لەبەری هەڵدەستاو پێشوازی لێ دەکردو سەیریش ئەوە بوو بۆخۆی قبوڵی نەدەکرد کەس لەبەری هەستێ.

ئەمە بوو ئەخلاقی بارزانی خزمەتکاری راستەقینەی کورد.

بارزانی هەروەك هەموو كەسی دیكە بەپیر كوێخا ئۆمەرەوە دێ, بەڵام كوێخا كە چاوی بە بارزانی دەكەوێ, مەجزوب دەبێ و ئاگای لەخۆی نامێنێ, بەتەواوی تێك دەچێ, پەلاماری قاچی بارزانی دەداو دەم دەنێ بە قاچی بارزانییەوەو باوەش بە پوزی بارزانیدا دەكا.

بارزانی دەفەرموێ:

"استغفرالله" نەكەی وازبێنە, فایدەی نابێ, لەمسەری ژوورەكەوە بۆ ئەوسەری ژوورەكە بارزانی قاچی خۆی رادەكێشێ, كوێخا ئۆمەر بەری نادا, ئەوجا بارزانی بانگ دەكا لەحەرەس وەرن ئەم كابرایە بخەنە دەرەوە.

حەرەس دێن و باوەش بە كوێخا ئۆمەردا دەكەن و دەیبەن لەبەر دەرگای مەكتەب فڕێی دەدەن .

كاتێك كە ئیچمە چاوەڕوانی گەڕانەوەی كوێخا ئۆمەر بووین, خەبەریان بۆ هێناینكە كوێخا ئۆمەر لەبەر دەركی مەكتەب كەوتووەو بێهۆشە.

ئێمە چەند كەسێك لەگەڵ "ئەحمەد تۆفیق" رامان كرد بۆ دەرگای مەكتەب, كوێخا ئۆمەرمان گرتە باوەش و, ویستمان پرسیاری لێ بكەین بۆچی وای لێ هاتووە, بەڵام وەك تەماشا دەكەین حاڵەتی تەبیعی نیە و مەجزوبە و , وەك كەڵەشێرێك كە سەرببڕدرێ و باڵەفڕێ بكات وایە.

ئەحمەد تۆفیق, بەپەلە چووە خزمەت بارزانی و عەرزی دەكا:

كوێخا ئۆمەر بۆ وای لێهاتووە؟

بارزانی دەفەرموێ:

کوێخا ئۆمەر کێ یە؟

ئەحمەد دەڵێ: ئەزبەنی ئەوەی کە هاتە خزمەتت کوێخا ئۆمەرە (عومەر پاشایە), ئەو کەسێکە کە شۆڕشی بۆ کورد کردووەدەربەدەری دەستی حکومەتی ئێرانە..

بارزانی لە ئەحمەد تۆفیق تورە دەبێ و دەفەرموێ: بۆ ئاگادارت نەکردووم ئەو پیاوە کوێخا ئۆمەرە؟ بۆ پەلە بۆم بێنە.

ئەحمەد تۆفیق بە پەلە هاتە دەرێ باوەشی بە کوێخا ئۆمەردا کردو بەرەو ژووری بارزانی برد.

بارزانی مەزن, بارزانی باوك تا بەردەرگا پێشوازی ئۆمەر پاشای کردو گرتیە باوەش و بردیە سەر جێگاکەی خۆی و دایناو ئەملاو ئەولای ماچکرد. بەلام کوێخا هەردوو چاوی بڕیبووە سەرۆك و وەك بڕێشکەی سەر ساج هەڵدەبەزی و مەجزوب بوو, بارزانی تفەنگەکەی خۆی... نایە سەر کۆشی کوێخا ئۆمەرو پێشکەشی کرد, بەلاك کوێخا تفەنگەکەی ماچ کرد و نایە ئەولاوە .

بارزانی ئەو جار دەمانچەکەی قەدی خۆی پێشکەشی کوێخا ئۆمەر کرد, دیسان کوێخا دەمانچەکەشی ماچ کردو نایە ئەولاوە, ئەو جار بارزانی "عومەر ئاغای دۆڵەمەڕی" بانگ کرد و 500 پینج سەد دیناری لێ وەرگرت و نایە سەر رانی کوێخا ئۆمەر, بەڵام دیسان کوێخا ئۆمەر پارەکەشی ماچ کرد و نایەلاوە.

چەند دەقیقەیەك دوای ئەم رووداوە سەیرانە, کوێخا ئۆمەر هەستایە سەرپێ و تێر بۆنی بارزانی کرد و بەرەو مقەڕی ئێمە رای کردو ئێمەش بەدوایدا, بەگەیشتنی کوێخا ئۆمەر بۆ مەقەڕی خۆمان کوێخامان راکێشا و لێفەمان پێدادا.

ئەم کابرایە هەروا مەجزوب بوو, هەڵدەچۆقی تا سەعات "12"ی شەو, ئێمە پێمان وابوو کە شێت بووە, بەلام وردە وردە کوێخا ئۆمەر هاتەوە سەر خۆی و نان و چاییمان بۆ هێنا, خواردی.

ئەوجار ئەحمەد تۆفیق لێی پرسی: تۆ بۆچی پەلاماری قاچی بارزانیت داوە؟ کە سەرۆك بەشتی وا قەڵسە و عاجز دەبێ

کوێخا ئۆمەر گوتی:

ئاگام لەهیچ شتێك نەبووە , هەرچیمان لێ دەپرسی هیچی نەدەزانی کە جوابمان بداتەوە, تەنیا ئەوە نەبێ کە دەیگوت :

خواتان لێ رازی بێ , زۆرتان مەنوونم, منتان بە ئاواتی خۆم گەیاند, عوقدەم لە دڵی دا نەما بە زیارەتی بارزانی. ئەگەر بشمرم بە ئاسودەیی دەمرم, ئێستا خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بەمەعشوقی خۆم گەیشتم.

لێمان پرسی: باشە تۆ ئێستا هەژاری بۆچی تفەنگ و دەمانچەو پارەی بارزانیت رەتکردەوە؟ گوتی ئاگام لە هیچ نیە, ئەگەر ئاگاشم لا بوایە نەمدەویستن, چون من ئاواتم خۆی بوو, نەك تفەنگ و دەمانچە و پارە, ئەگەر ئەوانە وەرگرم بە مەعنای ئەوەی هەرچی گوتومە درۆ بووە.

ئەنجا ئەحمەد تۆفیق ئیستەرلینگیەکمان هەبوو لەگەڵ "50" پەنجا دینار پارە بەزۆر بەسەریدا بڕی و , ئیدی دوای ئەم یدارە چاومان بە کوێخا ئۆمەر نەکەوتەوە.

دیارە کوێخا ئۆمەر ئێستا نەماوە, بەڵام بەڕاستی عاشقێکی راستەقینەی بارزانی بوو. سڵاو بۆ عاشقانی بارزانی رابەر.





# ڕەگەزی زەرد

ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ لەپۆلی یەکەمی ناوەندییەوە چوومە پۆلی دووەم لە قوتابخانەی سەلاحەدینی کوڕان لەسلیمانی، بابەتی جیۆگرافیا لەلایەن مامۆستا عارفەوە دەوترایەوە کە مامۆستایەکی زۆر جدیی و دڵسۆز بوو. سەرەتای ساڵ، ناونیشانی راپۆرتی دایە هەمووومان و وتی بچن بۆ کتێبخانەی گشتیی. کە سەرە هاتە سەر من وتی تۆ لەسەر رەگەزی زەرد راپۆرتەکەت بکە!!! منیش کەمێک پێکەنیم و وتم ئەمە یەکەمین جارە شتی وا ببیستم!!

لەرۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە دنیا ساردو سەرمایەکی توند بوو، ئاوی ماڵ و شەقامەکان بەستبووی، رەشەبایەکی بەهێزێش هەڵیکردبوو، سەعات ٩ لەماڵ هاتمەدەرو بەرەو کانێسکان و بۆ کتێبخانەی گشتیی بە ئامانجی دۆزینەوەی سەرچاوە بۆ نووسینی راپۆرت کەوتمە ڕێ .

چونکە نانی بەیانیم نەخواردبوو، سەرماکەشی لەرادەبەدەر بوو، دەست و پەنجەو گوێچکەم تەزی بوو، هەم زۆرم برسیبوو، هەم زۆریشم سەرما بوو. هەتا گەیشتمە سەمونخانەکەی عەقاری، لەوێ دوو سەمونم کڕی، هاتا گەرم بوو نام بەگوێمەوە تا گەرم بێتەوە و کە تۆزێک ساردیش بۆوە دەستمکرد بەخواردنی هەتا گەیشتمە ناو دەرگای کتێبخانە هیچی نەمایەوە.

کە چوومە ئەوی کتێبخانە زۆر چۆڵ بوو، بەڵام گەرم و گوڕ بوو. لەوێ مامۆستای بەریزو دەنگخۆش حەمە ساڵح دیلانم بینی، سڵاوم لێکرد. ئەو بەوهۆیەی کە جاروبار سەردانی باوکمی دەکرد لەدوکان، منی بینیبوو دەشیناسیم، پاش هەواڵپرسین ،وتی ئەوە چۆنە بەم سارمایە هاتوی بۆ ئێرە، منیش مەبەستی هاتنی خۆم روونکردەوە. وتی وەرە لەگەڵم.

بردمیە نێو کتێبخانەکەو هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە چین و کۆریاو ئاسیای دوورەوە هەیە خستیە بەردەستم و بەزمانی عەربی بوون. منیش چونکە عەرەبیەکەم باشبوو لەماوەیەکی کەمدا راپۆرتێکی زۆر جوانم لی هەڵهێنجان.

پاش تەواوبوونی کارەکەم سوپاسی دیلانم کردو بەخۆشییەوە هاتمەوە بۆ مال و کاتی چونە قوتابخانە نزیکببۆوە. لە وانەی جیۆگرافیادا راپۆرتەکەم دایە مامۆستا عارف و زۆری پێ خۆش بوو. ئەو مامۆستا عارفە ئێستا لەسویدەو پاش گەڕانەوەو دابڕانی ٣٥ ساڵ منی ناسییەوەو قەلەمێکی بەدیاری پێشکەش کردم.

لەم یادەدا درود بۆ گیانی دیلانی بەرزو ژیانی بەختەوەریش بۆ مامۆستا عارفی دڵسۆزی خوێندکارو هیوادارم نمونەیان لەم کۆمەڵگایە کەم نەبێ.

# ماراسۆنی سودانیەکان لەبەغدا

ئەو کاتەی لەساڵی ١٩٨٩ لەبەغدا رژێمی بەعس هانی بەڵتەچییەکانی خۆیدا پەلاماری کرێکارە میسرییەکان بدەن، لەشوقەکەی حەسەنی حەمە پۆلیس لە کەرادە دەرگاوانێکی میسریی هەبوو ناوی (رازی) بوو، پێشتر زۆر خۆی بادەداو ئەوەنە بێناموس بوو کەس نەیدەوێرا قسەی لەگەڵدا بکات، ئەو ماوەیە فسی دابۆوەو لەکونی ژوورەوە خۆی توند کردبوو نەیدەوێرا بێتە بەردەرگای باڵەخانەکە، ئێمەش کە پێشتر دەماننناسی و بۆ مامەڵەی گواستنەوە چووبووینەوە بۆ بەغدا تا فایلەکانمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بگەڕێنینەوە بۆ هەولێر، بۆ خۆشیی چووبووینە بەر دەرگای باڵەخانەکەو لەوێوە بانگمان دەکرد، نەیدەوێرا بێتە دەرەوە!! هەر ئەو کاتە بەهۆی میسرییەکانەوە سوودانییەکانش تێوەگلابوون و حکومەت پارەی عێراقی بەشێوەی جاران بۆ نەدەکردنە دۆلار، هەربۆیە لە مەسنور خۆپێشاندانیان کردبوو، ئەو کاتە ئیمە چووبووین بۆ سینەما مەنسور و لەوێوە بەپاس دەگەڕاینەوە، لەڕێگا خۆپێشاندانەکەمان بینی یەک دووانێکیان بلوسی زەردو سەوزیان لەبەردا بوو، کە بەپاسەکە گەڕاینەوە بابولشەرجی، بینیمان ئەو کراس سەوزو سورانە پێش ئێمە گەیشتبوونە ئەوێ، وتم باشە ئەوانە نەبوون کە لەڕیگە بینمانن؟! برادەرێک وتی بەرەوەڵا بەڵام ئەم سەگبابانە لۆقدرێژن و هەمیشە لە ماراسۆن و ساحەو مەیدان یەکەمن و هەر هێزی ئەمن و هێزی تایبەتی عێراقییان بینوە بەکێبڵ پەلاماریان داون وا رایانکردووە پێش ئێمە بگەنەوە ناوبازاڕ!!!



# حاجی عەوڵا

حاجی عەوڵا دەیوست خانۆکەی بفرۆشێ، پێیانوت بۆ دەیفرۆشی؟ دەیوت: کۆنە، تاریکە، نسرمە، بۆگەنە، داڕوخاوە، جنۆکەی تیایە دەمەوێ لەدەستی نەجاتم بێ!! کەچی کە مشتەری دەهاتەسەری دوای پارەیەکی خەیاڵیی لێدەکردو دەیوت کاکە حەمە خانۆکەی لەوەی من خراپترە ئەوەی ئەو بۆ ئەوەنەی کردووەو ئەوەی من بۆ نایکا!! وەلحاڵ هەتاکو حاجی مابوو خانووەکەی نەفرۆشراو کەس ئەو پارەیەی نەدایە کە داوایکرد! ئەوەبوو رۆژێک مردو ئەوکاتە خانووەکە لەدەست حاجی نەجاتی بوو!!



# دەوڵەمەندانی پێشووی شار

لەپاش بەستنەوەی باشووری کوردستان بەدەوڵەتی عێراقەوە، پرۆسەی بازرگانی لەنێوان شارەکانی کوردستان و بەشێک لەشارە گەورەکانی عێراق وەک موسل و بەغدا پەرەیگرت، ئەوەش وایکرد وردە وردە لەنێوچینی بازرگان و کاسپکاراندا تاک و تەرا کەسانی دەوڵەمەند هەڵکەون، بەڵام ئەوانە بەحوکمی پێشینەی کۆمەڵایەتیی و هەڵسورانیان لەنیو بازاڕو مەیدانی کەسابەتدا، هەروەها لەسۆنگەی باڵادەستی بەهای ئاینیی سونەتی بازار کە لەسەر بنەمای دژایەتی قازانجی خەیاڵیی و قۆرخکاریی و سوخۆریی و هەروەها لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دادپەروەریی بوو، نەک نەوتدزین و شۆفڵدزین و کۆمپانیای حیزبیی و بازرگانی دەرمانی ئیکسپایەرو مادە هۆشبەرەکان و خۆراکی بەسەرچوو!! ئەو دەوڵەمەندانە کەسانی خاوەن ئیعتیبارو بەرێزو زۆربەی کاتیش دەست و دڵفراوان و خێرخوازو خاوەن بەزەیی بوون. هەر لەم بارەیەوە لەشاری سلێمانیش کەسانێکی دەوڵەمەند لەنێو بازرگان و چێوارو قۆنتەراتچییەکاندا دەرکەوتن دەتوانین لێرەدا ئاماژە بەچەند ناوێک بدەین و ئەوانەشی لەمیارەیەوە شارەزاییان هەیە دەتوانن ناوی دیکە بەخوێنەران بناسێنن:

- کەریمی عەلەکە
- تۆفیق قەزاز
- حاجی قادری جبار
- حاجی عەزیزی شەرعی
- حاجی صالحی قاسم
- حاجی عەلی کوتەک
- رەشە جەنجەڕ

- حاجی وەسمان
- نامیقی مستەفا ئاغا
- ئەحەی هۆمەری قەساب
- حەمە سەعی مەلا عومەر
- حاجی عەلی کۆڵەک
- حاجی محەمەدی کۆڵەک
- عومەری ساماغا
- حاجی عەلی بەگی ویڵەیەری
- حەمەی ئەورەحمان ئاغا
- حاجی کەریمە رەش
- حاجی دەروێشی وشکەفرۆش
- حاجی کەریم بێکراس
-حاجی رەشیدی حاجی سەیدی قادرئاغا
- عەبەی قیروان
- حاجی ئەحە کریس

# دەستبەردان لەپۆستی سەرۆکایەتیی بەش

لەو کاتەی دکتۆراکەم لەزانکۆی سەلاحەدین تەواوکرد، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ەوە لەزانکۆی دهۆکەوە گەڕامەوە زانکۆی سلێمانی و پاش ماوەیەکی کەم لەلایەن راگرەوە داوام لێکرا ببم بەسەرۆکی بەشی مێژوو، هەر پاش چەند مانگێک لەکاری ئیداریی هەستم بەبێزاریی کردو وەک پیویست کاتم بۆ خوێندنەوەو نووسین نەبوو، بەڵام ناچاریش بووم کە لەبەر تێپەڕینی ساڵەکەو دروستنەبوونی کیشە لەبەشەکە بەردەوام بم تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ کۆتایی دێت و ئەوساکە ئەو داوایەی کە پێشتر بۆ لیبوردن و دەستبەردان ئامادەم کردبوو، پێشکەشی راگرایەتیی بکەم و لەوێشەوە رەوانەی سەرۆکایەتیی کرا. کاتیک دکتۆر عەلی سەعید لەسەرۆکایەتی بانگی کردم وتی بۆچی وازدەهێنی و چ کێشەیەکت هەیە، وتم : چونکە کاتی پێویستم بۆ خوێندنەوەو نووسین نەماوەو هەستیش دەکەم ئیشی ئیداریی بەباشی کاری ناڕوات و دەبێت تەواوی کاتی خۆت بۆ چارەسەری کیشەکانی تەرخان بکەی هیشتا لەوانەیە دواجار هەر پیاوخراپ دەرچی!! وتی : سەیرە خەڵکی تر خواخوایانە پۆستێک وەربگرن و لەوێوە بەرەوپۆستیکی بەرزتر هەنگاو بنێن و سەرکەون کەچی تۆ دەرفەتت لەبەردەستەو بەفیرۆی دەدەی!! وتم قوربان من خۆمم لەلا گرنگترە لە پۆست و سەرکەوتنی ئیداریی! وەڵامەکە باش تێگەیشت و هەر لەوێ واژۆی لێبوردنەکەی بۆ کردم. ئێستاکەش ئەو بڕیارەی ١٧ ساڵ بەرلەئێستاکە زۆر بەدروست دەزانم و پێموایە ئەگەر بەدوای راکەراکی پۆست و ئیدارە بکەوتمایە راستە لەرووی مادییەوە لەوانەی سوودێکی زۆرم ببینیایە بەڵام لەرووی مەعنەوییەوە هەرگیز وەک ئێستا نەدەبووم!

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

*Council of Ministers*
*Ministry of Higher Education and Scientific Research*
*Presidency of Sulaimani University*
*President Office*
*No.:*
*Date:*

UNIVERSITY OF SULAIMANI
زانكـۆی سلیـمـانـی
www.univsul.net

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
نووسینگەی سەرۆك


ژمارە / ٧ / ٥ / ٥٨١٧
رۆژ / ١٦ / ٧ / ٢٠٠٥
رۆژ / ٢٥ / ٤ / ٢٧٠٥

## فەرمانی زانكۆیی

### بابەت / لێبووردنی سەرۆك بەش

بە دوای فەرمانی زانكۆیی ژمارە ( ٨٠٩٨/٥/٧ ) لە ( ٢٠٠٤/٩/٢٥ ) تایبەت بە دانانی سەرۆك بەشەكانی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان و ئاماژە بە نووسراوی كۆلێجی ناوبراو ژمارە ( ٤٣٩/٢٩/٧ ) لە ( ٢٠٠٥/٧/١٠ ) .

بڕیاردرا بە :

لێبووردنی بەڕێز ( د.یاسین خالد حسن ) بە ناونیشانی ( مامۆستا ) لە پۆستی سەرۆكایەتی بەشی مێژوو لە كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان لەسەر داوای خۆی و لەبەر سەرقاڵبوونی بە كاری لێكۆڵینەوەیی .

زانكـۆی سـلیمانی
كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان
« هاتوو »
ژمارە : ٦٧٠
بەروار : ٢٠٠٥/٧/١٦

دكتۆر علی سعید محمد
سەرۆكی زانكۆ

<u>وێنەیەك بۆ :</u>

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / نووسینگەی تایبەت / بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی سەرۆك .
- هەردوو نووسینگەی یاریدەدەری سەرۆك .
- كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان / خۆیی / نووسراوی ئاماژە پێدراوتان لەسەرەوە تكایە بۆ دانانی سەرۆكی بەشی مێژووی تازە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە كارەكە ئەنجام بدرێت و دواتر لە ئەنجام ئاگادارمان بكەنەوە .
- بەڕێوەبەرایەتی خۆیی .
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی .
- بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی .
- دۆسیەی كەسیەتی .
- دۆسیەی نووسراوی دەرچوو .

# چاوەڕیی حاجین بە شومان بداتەوە

نازە ژنێکی بێدەرەتانی داماو بوو، لەتەمەنی هەرزەکارییدا بەهۆی رووداوێکەوە خێزانەکەی لەدەستدابوو، بەخزمایەتیش بەحاجی دەگەیشتەوەو لەماڵی ئەوان بوو. حاجی پێشتر چەند جارێک دابووی بە شوو و شیربایی خۆی لێ وەرگرتبوو، بەڵام بەهۆی داماوی و نەگبەتییەوە لەماڵە مێرد نەدەمایەوەو دەیانکردەوە سەرحاجی. جارێک بینیمان و ئەحواڵمان پرسی، وتی : وەڵا ئیتر چیبکەین چاوەڕێین بزانین حاجی کەی بەشوومان دەداتەوە!!!

## موقاولیی و موستەشاریی

لەپاش شکستی موفاوەزاتەکەی ١٩٨٤، کابرایەکی موقاول هەبوو بوو بە موستەشار، برادەرەکانی سەرزەنشیان کردبوو وتبوویان کاکە تۆ چەند ساڵە موقاول بووی، موقاولیی لەکوێ و موستەشاریی لەکوێ؟ وتبووی : کاکە ئێوە زۆر سەیرن مەگەر موستەشاریش هەر جۆرێکی قازانجبەخش نیە لە موقاولی؟!! هێشتا خزمەتێکی گەورەشە چونکە ئیشێکی مەزمون بۆ خەڵکی بێکار دەدۆزینەوەو ئەوەی لەعەسکەری فیراری کردووە دەیگرینەخۆمان و ئەوانەشی تاقەتی پێشمەرگایەتیان نەماوە دەیانخەینە سەرکارو بۆخۆشمان لەو پرۆژانەی بۆ رێگاو سەربازخانەکان دەکرێ هەندێک قونتەرات وەردەگرین و ئیتر خراپییەکەی لەکوێدایە؟!!



# ململانێی حیزبیی

ئەو کاتەی تازە بزوتنەوەی گۆڕان دروستببوو، شەقام و شانۆی سیاسی لەباشووری کوردستان جوڵەو چالاکیی تێکەوتبوو، لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەلبژاردنەکاینش تادەهات ئەو جوڵەیە گەرمتر دەبوو، دروشمی دەیگۆڕین و گۆرانی نامانەوێ حوکمەتێ بۆم دانەنێ حورمەتێ لە شەقامەوە گوێی کاس دەکرد، کابرایەکم بینی زۆر بەوردی لەدیمەنی ئەو هەرایە رامابوو، منیش بەگاڵتەوە وتم : تۆ بڵێی ئەم رکابەرییە بەرهەمێکی هەبێ؟! وتی : بەرهەمی چی کاکەگیان!! بەخوا رکابەری حیزبیی لەم وڵاتە وەک ملبەملە و پاڵ بەیەکترەوەنانی گایەل وایە کە دەچنە سەر ئاخوڕ، هەر ئەوەنەی گەیشتنە سەر ئاخوڕەکەو دەمیان تێخست و شوێنی خۆیان گرت ئیتر پاڵنان و ململانێکە نامێنێ و تەپوتۆزەکە دەڕەوێتەوە و دواتریش خۆلێسانەوە دەستپێدەکات!!



## وانەی مێژووی ئیسلام یان خوتبەی جومعە

وەختی خۆی لە کۆلێژ مامۆستایەکی عەرەبمان هەبوو وانەی مێژووی ئیسلامی پێ دەوتین، ئەم مامۆستایە بۆخۆی موسڵاوی بوو، عەرەبیکی بەعسی و رەگێکی ئیسلامیشی هەبوو، کاتێک باسی کۆچی پەیامبەری بۆ مەدینە دەکرد وەک ئەوەی خۆی لەوێ بووبی و چاوەڕیی کردبێ تا کاروانەکە دەگات، ئەوەندە لایەنگر و موتەحەیز بوو وانەکەی کردبوو بەخوتبەی جومعە، هەندێک رووداوی بەئارەزووی خۆی گەورە دەکردو لەهەندێکیش خۆی لادەداو بەکورتی دەیبڕییەوە، کاتێکیش لەسەر هەندی لەکیشەو گرفت و رەخنەکانی ئەو مێژووە، بەتایبەتی شەڕی سەحابەکان و کیشەو هەرای خوێناویی لەسەر دەسەڵات ، پرسیار بکرایە، بەخیرایی توڕە دەبوو، بەشێوەیەک هەڵدەچوو تا وانەیەکی تریش نەدەهاتەوە سەرخۆی، ئێمە چەندە لەدەرکردنی خۆمان لەپۆل خەممان بوو ئەوەندەش دەترساین بەهۆی پرسیاری ئیمە رۆژێک جەڵتە لیی بدات و لەپۆلدا لاربێتەوە!!

# مزگەوت و تەڵقەتەنورە

ساڵێک لە شەوی لەیلەتولقەدر لەبەرلین برادەران چووبوون بۆ مزگەوت لەدوورە سەیردەکەن تەڵقەتەنورە دەتەقێنرێ و دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە بەشێوەیەک لەگەل تەقاندنی هەر دانەیەک منارەو گومەزی مزگەوتەکە شەوقی دەدایەوە، ئەوانیش زۆریان پی سەیر بوو وتوبوویان لەوانەیە ئەمسال بەشیوەیەکی جیاواز ئەم بۆنەیە بەڕێوەبچێت و نوێگەرایی کرابێت! کە زیاتر نزیک ببوونەوەو چووبوونە ناوە سەیر دەکەن هیچ ئاسەوارێکی تەڵقەتەنورە تەقاندن دیار نییەو کاتێک پرسیبوویان ئەی ئەو هەموو تەڵەقەتەنورە چییە بەسەر مزگەوتەکەوە، وتبوویان ئەوە سەفارەتی ئەمەریکیە لەپشتەوە یادی جەژنی سەربەخۆیی دەکەنەوە!!



# لەپشتەوە بۆی پیوەنێی ئاوڕ ناداتەوە

جارێک برادەرێک لەدەرەوە هاتبووەوە ژن بێنێت، کچێکیان بۆ هەڵدابوو خزمی ماڵیکی ناسیاو بوو، وەڵا لەگەڵ برادەرەکە چووینە ئەو ماڵەو پرسیاری کچەکەمان لەژنەکەیان کرد، ژنەش بەحسابی خۆی وەسفی کچەکەی دەداو وتی : وەڵاهی کچێکی ئەوەنە بەشەرم و حەیایە بەجادەی شەستییەکەدا بپەڕێتەوە سەرهەڵنابڕیت!!! ئەوەنەش داماو فەقیرە لەپشتەوە بۆی پێونێی ئاگای لی نێیە و ئاور ناداتەوە!!!

کوڕەش وتی هەی قور بەسەرم جا من ئەو هەموو مەسرەفە بکەم و بیبەمە سوید ئەو لەو شەقامانە سەر بەرز نەکاتەوەو لەدواوە بۆی پیوەنێن ئاور نەداتەوە بەخوا کاکە من غەلەتی وا ناکەم نە بەخوا!!

# خەلیفەو گەنجی سلێمان

خەلیفەیەکی فێڵباز هەبوو ئیدیعای غەیبزانی دەکرد و لە مەجلیسێکدا وتبووی: وەڵاهی گەنجیینەیەکی شاراوە لەژێر ئەرزدا دەزانم بەشی ١٠٠ ساڵی وڵاتانی شەرقی ئەوسەت دەکات!! پاش ئەوە کۆمەڵێک لاتوپوتی تێ ئاڵابوون، ئەم دەرگای بۆ دەکردەوەو ئەو ئاوی بۆ دەهێناو خزمەتیان دەکرد، چاوەڕیی ئەوەیان دەکرد خەلیفە شوێنی گەنجینەکەیان بۆ ئاشکرابکات و دەوڵەمەندبن!!!



## هەستە تاکو دەم و فڵقتمان نەشکاندووە

ساڵی ۲۰۰۹، بە حیزبییەکی کوردییان وتبوو وەرە خۆت کاندید بکە بۆ پارلەمان و چوارساڵ بۆخۆت دانیشە بخۆو هەقت نەبێ! ئەویش وتبووی : باشە ئیشی منی پارلەمانتارو سەلاحییەتم چییە؟ وتبوویان : پارلەمان دەزگایەکە بۆ دەرکردنی یاسا و چاودێری و لێپرسینەوەی دەزگای جێبەجێکاری! وتبووی : دەزگای جێبەجێکاری چییە؟ وتبوویان : سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت! وتبووی : یانی ئەگەر ببم بەپارلەمانتار دەتوانم لێپرسینەوە لە سەرۆکی هەرێم جەنابی کاک مەسعودو سەرۆکی حکومەت کاک نێچیرڤان بارزانی بکەم؟ !وتبوویان : کورە هەستە بڕۆ دەرەوە تاکو بەشەق دەموفڵقتمان نەشکاندووە!!!

# کونی رزق

پیاوێک شەو لەخەویدا سواری ئەسپیکی باڵدار ببوو، بەئاسماندا فڕی بوو، لەئاسمان ملیۆنەها کونی بینیبوو، لەئەسپەکەی پرسیبوو: ئەو کونانەن چین؟ وتبووی: ئەوە کونی خۆشگوزەرانی و رزقن و لەوێوە خەڵک بەشی خۆی وەردەگرێ لەسەر زەوی، پیاوەکە وتبووی : ئەتوانم بزانم کامە کونەکەی خۆمە؟ ئەویش وتوی: بەڵێ ئێستا دەتبەمە سەر کونەکەی خۆت! پاش کەمێگ گەڕان، ئەسپەکە کونەکەی پێشانی کابرا دابوو. پیاوەکە سەیری کونەکەی خۆی کردبوو هەر هێندەی سەرە دەرزییەکە! وتبووی : ئۆی ئەوە بۆیە ژیانم سەراپا خەم و ماتەمەو بەسکێک تیرو بەهەزار برسیم، کونەکەم ئەوەنە بچووکە هەر هیچی پێدا نایەتە خوارەوە!! ئنجا بە ئەسپەکەی وتبوو دەتوانم نەختیک ئەو کونەی خۆم گەورە بکەم بۆئەوەی ژیانم باشترو رزقم زیاتر بێ؟ ئەویش وتبووی : مادام هەر هاتووین ئاساییەو ئەو کارە بکە! پیاوەکە پەنجەی خستبووە کونەکەو هەتا توانیبووی بایدابووە! لەو کاتەدا لەئازاری خوارەوەی بەخەبەر هاتبوو کە سەیر دەکات لەراستیدا پەنجەی لەپاشەڵی خۆیدایە!!! کابرا کە خەبەری ببۆوە هەندێک لاحول ولا قوەتوئیلای خوێندبوو، رادیۆکەی پەناسەری کردبووە و گویی لێبوو هاوار دەکات:

"لەزمناکۆوە بۆ ئازاد تکایە برادەران ئاگاداربکەرەوە ٧ی مانگ زەماوەند بکەن "

ئنجا هەندێک خەونی پاڵەوانانە کە دەبنە واقیع زۆر جیاواز لەوەی کە هەبوون دەردەکەون!!

# لە هەموو هەورێک باران نابارێ

دوێنێ کەسێکم بینی سڵاوی لێکردم وتی : دەمناسی ؟ وتم: بەخوا شیوەت ئەکەم بەڵام زۆر تەئکید نیم ! وتی مامۆستا من فڵانەکەسم کە ١٥ ساڵ پێش ئێستا لەلای مزگەوتی گەورەوە گۆرەیم دەفرۆشت و تۆش جاروبار ئەهاتی گۆرەویت لێدەکڕیم و لەلای دراوسێکەمان رادەوەستای! وتم : ئێستاش لەوێ ماوی و هەر ئیشی گۆرەوی فرۆشتن دەکەی؟ وتی : ناوەڵا ئەوە باوکم هانیدام ئەو کارە بکەم و پیی وتم : کوڕم خەڵکی واهەبووە بەگۆرەوی فرۆشتن دەستیپیکردووە ئێستا ملیۆنیرەو حسابی خۆی نازانێ!!وتم باشە ئێستاکە دوای ١٥ ساڵ لەکاری گۆرەویفرۆشتن چی دەکەی؟ وتی : وەلا ئێستاکە دۆ دەفرۆشم!! وتم : ئێ وایە وەک دەڵێن لەهەموو هەورێک باران نابارێ!!

# چاوی پیس

کابرایەکی تەمەڵ و بێکارە هەبوو لەنەوەتەکاندا هەر خەریکی سوڕانەوە بوو، کە پێیان دەوت: ئەری کاکە تۆ بۆ کارێک ناکەی ؟ دەیوت: جا کار کوا؟ چاوپیسی خزمەکانم دەیەڵێت دەستم لەهیچ گیربێ؟ ئەوەنە چاویان پیسە بەتەمای هەرچی بم ریسەکەم لێ دەکەنەوە بەخوری!! رۆژگارهات و چوو، ئەم پیاوە چووە هاندەران و تا ئێستا لەوێش هەر بێکارەیەو لەسەر سۆشیال دەژی، لەوێش لێیان پرسیببوو : ئەری کاکە بۆ ئیشێک ناکەی ؟! وتبووی : بەخوا ئەو خزمانەم ئەوەنە چاویان پیسە لێرەش لێم ناگەرێن بۆخۆم کارێک پەیدا کەم و دەستم لەشتێک گیر بیت!!

# خەوی ناخۆش

هەندێک جار کە خەونێکی ناخۆش دەبینین و خەبەرمان دەبێتەوە، دەڵێین: ئۆخەی کە خەو بوو واقیع نەبوو، لەکاتێکدا ئەوە هەر پۆخڵەواتی واقیع خۆیەتی دەبنە دێوەزمەو شەوان سەرسنگمان بەرنادەن!! نموونەش بۆ ئەوە یەکجار زۆرە. ئاخر کەس هەیە لە فینلەند بژی و شەو خەون بەوەوە ببینێت کە ئیش و مامەڵەی کەوتۆتە دائیرەیەکی حکومی بەرتەسکەوەو پێی دەڵین کاتژمێرکی دەوام ماوەو هێشتا ئیمزای ٥ ژووری ماوە کە لەبەردەم هەر یەکەیاندا سەدان کەس وەستاون!!

# دەرمانخانەی بەرەکە

دەرمانخانەیەک هەبوو لە بەغدا بەناوی دەمانخانەی (البركة/بەرەکەت) دەیانوت هەرکەس بچێت داوای شتێک بکات شەش حەوت ئەوەنەی خۆی زیاتری دەدەنێ چونکە ناوی بەرەکەتەو دەرمانەکەش بەرەکەتی تێدەکەوێ! جارێک پیاوێک چوو بوو داوای حەبی کردبوو لەبری پاکەتی دە دانەیان دابوویە، جاریکی تر چوو بوو داوای شروبی کۆکەی کردبوو، بۆیان کردبووە تەلمۆزەیەکەوە وتبوویان بەرەکەتی تێکەوتووە! رۆژێک کابرا چوو بوو بۆ دەرمانکڕین و نەچووبووە ئەو دەرمانخانەیە، بەڵکو چووبووە دەرمانخانەکەی ئەوبەر! کە هاتبووەوە ئەمبەر، دەرمانسازەکەی دەرمانخانەی بەرەکەت بانگیکردبووە، وتبووی : کاکە بۆ نەهاتی بۆ لای ئێمە؟ تۆ هەرجارەی هاتووی داوای چیت کردووە دە ئەوەندەمان پێداوی ، چ خەتایەکمان هەیە؟ ئەویش وتبووی : وەڵا هیچ خەتایەکتان نییە و خەتاکە لەمنە، دکتۆرەکەم ئەمجارە شافی بۆ نووسیوم و نەموێراوە بێمە لای ئێوە!!



## دایکەکەم ئەی ئێمە بۆ کەسمان لی نامرێ؟

ژنێک هەبوو ئەوەندە حەسودو ناشوکرو بەگلەیی بوو، ئەگەر ماڵێک لەگەڕەکەکەیان کەسێکیان لێ بمردایە، دەهاتە بەردەرگا دەیوت: ئای دایکەکەم تۆ سەیرکە هەر رۆژەو کەسێک لەو خەلکە ئەمرێ بزانە هەر ئێمەین مردویەکمان لێ نامرێ!!!! ئێستا ئەگەر مابێ حەتمەن بەمردنی شاژنی بریتانیا خەمباربووەو دەڵێت : تۆ تەماشاکە هەر وڵاتەو سەرۆک و پاشاکەی دەمرێ ئەوە هەر ئێمەین خودا ئاوڕێکمان لی ناداتەوە!!!



# چۆن سەپرایزێکە

ئێوارەیەکی عەسر لەسەر جۆلانەی حەوشەکەمان دانیشتبووم زۆر هێمن و ئارام شمشاڵەکەم بەدەستەوە بوو مەقامی سێگام دەژەن، هێندە چووبوومە نێو ئاوازەکەوە کە هیچ هەستێکم لەدەوروبەر نەمابوو، لەپڕ دەرگای حەوشە زرمەی لێ هەستاو کرایەوەو بەپرتاو ژنێکی دراوسێمان بەراکردن و قیژەقیژ خۆی کرد بەژووردا و هاواری دەکرد : دەیەوێ بمکوژێ!! ئەو هاتەژورێ و لەناوەڕاستی حەوشەکە هەڵخلیسکاو کەوتەبەر دەمی جۆلانەکە! لەپڕ پیاوێکیش کە مێردی بوو بە دەمانچەیەکەوە بەراکردن خۆی بەژووردا کردو هاتەسەرژنەکەو دەمانچەکەی خستەسەر سەری و خەریکبوو بیکوژێت! منیش یەکسەر لەجیهانی ئاوازو مەقامەوە کەوتم بەسەر ئەو دۆخە دژوارەو شمشاڵەکەم فڕیداو یەکسەر پەلاماری دەستی کابرام داو دەمانچەکەم لێسەند و لەیەک چرکەدا ئەو حەوشە بچکۆلەیە پڕبوو لەخەڵک و دەرو دراوسێ، تومەز ئەم دوانە لەدەرەوە شەڕو دەمەقاڵێیان بووەو خەڵکیان لی کۆبۆتەوەو کابرا دەمانچەی لێ بەرزکردۆتەوەو ئەویش رایکردووە دەرگای ئێمەی بینوە خۆی کردووە بەوێدا و مێردەکەشی بەدوایدا!! ئیتر ئاوایە دنیا پڕێتی لە سەپرایزی سەمەرەو بەجۆرێک لە چرکەیەکدا لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی ترت دەبات کە هەرگیز بەبیرتدا نەهاتبێ! هەربۆیە هەرکات هیوای ئارامیتان بۆخۆتان خواست بۆ دەرودراوسیکانیشی بخوازن!!